# بیبلیۆگرافیای
# گۆڤاری ئەندازیاران

## ٢٠٠٢-٢٠٢٢



**ئامادەکردنی // ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن**

**( نەوزادی موهەندیس )**

چاپی یەکەم    سلێمانی -٢٠٢٢

مافی لەبەرگرتنەوەی ئەم بیبلیۆگرافیایە بەتەنها پارێزراوە
بۆ نوسەر

## پێناسی کتێب:

- ناوی کتێب: بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ٢٠٠٢-٢٠٢٢
- ئامادەکردنی: ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن
  ( نەوزادی موهەندیس)
- تایپ و هەڵەچن : ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن
  (نەوزادی موهەندیس)
- نەخشەسازی بەرگ: ڕێبین حەمە غەریب
- شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا / سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٢٦٢ ) ساڵی ٢٠٢٢
ی پێدراوە

# ناوەڕۆك

===========

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ====== | ====== |


| | |
|---|---|
| پێشكەشە بە | ٦ |
| سوپاس بۆ | ٧ |
| پێشەكی | ٨ |
| **بەشی یەكەم** | |
| كورتەیەك دەربارەی بیبلیۆگرافیا | ١١ |
| مێژووی بیبلیۆگرافیا | ١٢ |
| وشەی بیبلیۆگرافیا | ١٣ |
| جۆرەكانی بیبلیۆگرافیا | ١٤ |
| بوارەكانی بیبلیۆگرافیا | ١٥ |
| ئامانجەكانی بیبلیۆگرافیا | ١٥ |
| سیفاتەكانی بیبلیۆگرافیا | ١٦ |
| تەكنیكەكانی ئامادەكردنی بیبلیۆگرافیا | ١٧ |
| **بەشی دووەم** | |
| كورتەیەك دەربارەی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان | ١٨ |
| چۆنێتی دامەزراندنی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان | ١٩ |
| ئامارێكی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان | ٢٧ |
| كار و چالاكیەكانی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان | ٣٠ |

## بەشی سێیەم

| | |
|---|---|
| کۆنگرەکان | ٣٣ |
| کۆنگرەی یەکەم((کۆنگرەی دامەزراندن)) | ٣٤ |
| لۆگۆ و دروشمی کۆنگرە | ٣٤ |
| کۆمیتەی باڵای هەڵبژێردراوی یەکەم کۆنگرە | ٣٤ |
| دەستەی لقەکان | ٣٥ |
| ١.لقی سلێمانی | ٣٥ |
| ٢.لقی کەرکوك | ٣٦ |
| ٣.لقی هەولێر | ٣٦ |
| ٤.لقی دهۆك | ٣٧ |
| ٥.نوێنەرایەتی خانەقین | ٣٨ |
| پڕۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان | ٣٩ |
| پڕۆگرام | ٤٠ |
| پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان | ٤٣ |
| کۆنگرەی دووەم | ٥٥ |
| لۆگۆ و دروشمی کۆنگرە | ٥٥ |
| کۆمیتەی باڵای هەڵبژێردراوی دووەم کۆنگرە | ٥٥ |
| دەستەی لقەکان | ٥٧ |
| ١.لقی سلێمانی | ٥٧ |
| ٢.لقی کەرکوك | ٥٩ |
| ٣.لقی هەولێر | ٦٠ |
| ٤.لقی خانەقین | ٦٢ |

نوێنەرایەتیەكان ٦٣
١.نوێنەرایەتی دەربەندیخان ٦٣
٢.نوێنەرایەتی ڕاپەڕین ٦٣
٣.نوێنەرایەتی پشدەر ٦٤
٤.نوێنەرایەتی هەڵەبجەی شەهید ٦٤
٥.نوێنەرایەتی چەمچەماڵ ٦٥
٦.نوێنەرایەتی كەلار ٦٦
٧.نوێنەرایەتی كۆیە ٦٦
پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان ٦٧
پڕۆگرام ٦٧
پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان ٧١

## بەشی چوارەم

كورتەیەك دەربارەی گۆڤاری ئەندازیاران ٨٥
گۆڤاری ئەندازیاران ٨٦
ئامارێكی گۆشەكانی گۆڤاری ئەندازیاران ٩٣
كورتەیەك دەربارەی پێگەی ئەلكترۆنی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان ٩٨

## بەشی پێنجەم

بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ١٠١
ڕۆژی ((ئەندازیار))ی كوردستان ٢٦٨
سەرچاوەكان ٢٧٠

# پێشکەشە بە :

- گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و ئەندازیاران بەبێ جیاوازی.

- ئەو کۆمەڵە ئەندازیارەی کە بەهیمەت و مشۆرخۆری ئەوان یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان دامەزرا لە ١٩٩٢/٤/٢٧دا.

- ئەو ئەندازیارە نوسەرانەی کە بەشێوەی هەمیشەیی یان ناوبەناو بە ناردنی بابەتە ئەندازەییەکان هاوکاری گۆڤاری ئەندازیارانیان کردوە و بونەتە هۆکاری بەردەوام دەرچوونی گۆڤارەکە تاکو ئێستا و بۆماوەی ٢٠ساڵی رێك.

## سوپاس بۆ:

- کۆمیتەی بالآی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کەبە سنگ و دڵ ودەستفراوانیان بەدابینکردنی بەردەوامی خەرجیەکانی گۆڤارەکە نەیانهێشتوە کە گۆڤارەکە لەدەرچوون ڕابوەستێت و بتوانێت بە درێژایی ٢٠ساڵی ڕابووردوو بەردەوام بێت لەدەرچوون.و ئەم بیبلیۆگرافیایەش هەر لەسەر ئەرکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بە چاپ گەیشتوە.

- هاوکارانی ئەندازیارانی نوسەری بابەتە ئەندازەییەکان کە ئەوانیش بونەتە مایەی دەوڵەمەندبوون و بەردەوامبونی گۆڤارەکە لەدەرچوون.

- هاوکارانم لە نەخشەسازانی گۆڤارەکە کە ئەوانیش شەونخونی زۆریان چەشتوە و ماندووبون لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکی نوێی گۆڤارەکەدا.

# پێشەکی

- سەرەتا بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیا تایبەتە بە گۆڤاری ئەندازیاران لەو کاتەوە سەریهەڵدا کە خۆشبەختانە تاکو ئێستا ٨٤ ژمارەمان لێدەرکردوە و گەر تەمەنیش ڕێگە بدات خوازیارم تا ژمارە ١٠٠ی لێدەربکەم.لەهەن کاتیشدا و لە وەرزی بەهاری ساڵی ٢٠٢٢دا ڕێك تەمەنی گۆڤارەکەشمان دەبێتە ٢٠ ساڵی ڕێك کە بۆخۆی بۆ بلأوکراوەیەکی وەرزی کەم نیە و هەق وایە بەهەند وەربگیرێت.
- ئێمە کاتێك وەك یەکێك لە دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا یەکەم ژمارەمان دەرکرد،هیچ کات بە بیرمدا نەدەهات بەندە ببمە سەرنوسەر و دواتریش ماوەی ٢٠ ساڵی ڕێك بەردەوام ببم و ژمارەی گۆڤارەکەش بگەیەنمە سەروو ٨٠ ژمارە. هەرچەندە بۆخۆم لە ساڵی ١٩٩٦وە واتە پێش ٦ ساڵ کارکردن لەم گۆڤارەدا بە دەیان بابەتی سیاسی و ئیداری و زانستیم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوێ ڕۆژێدا بلأوکردبۆوە و هەر لە تافی لاوێتیمەوە سەرگەرمی خوێندنەوە و نوسین بووم.

- ئاشکراشە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاش کارێکی هەم ئاسان و هەم ئاسانیش نیە و بەتایبەتیش لە کوردستاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی نیە و تەنها دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو واتە تەنها نزیکەی ٥٠ سالێکە.

بەلآم خۆشبەختانە ژمارەیەك لە نوسەر و لێکۆلەرانی کورد لەو بوارەدا کاری گەورە و گرنگیان ئەنجامداوە و بونەتە پێشەنگی ئەو بوارە کە گرینگی و کاریگەری خۆی هەیە بۆ مانەوە و ئەرشیفکردنی بلآوکراوە و نوسراوە فەرمیەکان و...هتد.لە کوردستاندا.کە هەق وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی زیاتر بدەنە ئەم بوارە و ناوەندی ئەکادیمی و کادری شارەزا لە بوارەکەدا پێبگەیەنن چونکە ئەم کارە پێویستی زۆری بەلایەنی دارایی و توانا و پسپۆڕی و شارەزایی کەسەکان هەیە کە ئەم کارەش تەنها بە حکومەت و داموزدەزگاکانی دەکرێت نەك بە هەولْ و خەمخۆری تاکە کەسی.

بەندەش لەڕوانگەی ئەو هەموو گرنگیەی بیبلیۆگرافیاوە هەستام بە ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیا تایبەتە بە ((گۆڤاری

ئەندازیاران)). وەك بلاۆكەرەوەیەكی وەرزانە كە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕێكە بەردەوامە لەدەرچوون و بلاۆكردنەوە.

بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵە بچوكەی بەندەش كەلێنێكی بچوك لەو بۆشاییەی ناو مێژوەكەمان و جێگەیەكی گەرچی بچوكیش بێت لە كتێبخانەی كوردی پڕبكاتەوە و ببێتە خشتێكیش لە تەلاری بەرزی كۆشكی مێژوەكەمان.

لەگەڵ ڕێزی...

ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن

( نەوزادی موهەندیس )

سلێمانی

٢٠٢٢/٦/١

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم
# کورتەیەك دەربارەی بیبلیۆگرافیا
# Bibliography

---

# کورتەیەك دەربارەی بیبلیۆگرافیا

# Bibliography

- **مێژووی بیبلیۆگرافیا**

بیبلیۆگرافیا مێژوویەکی گەلێك دێرینی هەیە و لەدوای نوسینی کتێبەکانەوە سەریهەڵداوە ولێکۆڵەران پێیان وایە کە لەسەردەمی ئاشوریەکان و بابلیەکان و بەتلیسیەکان و یۆنانیەکانەوە هاتۆتە بوون. شاعیری بەناوبانگی یۆنانی کالیماخۆس بۆ یەکەم جار هەستا بە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایەکی گرنگ لەگەنجینەی ئەسکەندەریەی بەناوبانگدا لەناوەڕاستی سەدەی سێهەمی زاینیدا.و ئیدی لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا بیبلیۆگرافیا گەشەی گەورەی بەخۆوە بینیوە لەگەڵ زۆربوونی کتێب و بلاْوکراوەکاندا و بەتایبەتیش دوای سەردەم و قۆناغی چاپکردن و داهێنانی چاپەوە لەلایەن ((یۆهان گنزفلایش تسر لادن تسوم گۆتەنبێرگ ١٣٩٨ز-١٤٦٨ن)) کە توانی لەساڵی ١٤٤٧ز دا ئامێری چاپ دابهێنێت و بە داهێنەری چاپی نویْ دادەنرێت،هەرچەندە پێشتر لە کۆریا و لە ساڵی ١٢٣٤ز دا چاپکردن هەبوە.

---

- **وشەی بیبلیۆگرافیا**

به ئینگلیزی Bibliography له بنچینەدا وشەیەكی یۆنانیه و له دوو برِگه پێكدێت:یەكەمیان Biblion به واتای نامیلكه و بچوككراوەی زاراوەی Biblois كه به واتای نوسین دێت. و برِگەی دووهەمیشیان Graphia لەناوی كاری وەرگیراو له Graphein كه بەمانای له بەریدەگرێتەوه یان دەنوسێت دێت.

- جا بیبلیۆگرافیا له ساتی سەرهەڵدانیەوه له سەردەمی ئیگریكیەكانەوه تا سەدەی ١٧هەم بەمانای(( لەبەرگرتنەوەی كتێب)) هاتوه.و ئەم مانایه بەردەوام بوو تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و دواتر له (( لەبەرگرتنەوەی كتێب)) یان نوسینی كتێب)) وه ماناكەی گۆرِدرا بۆ ((نوسین دەربارەی كتێب)).

بەم شێوەیه وشەی بیبلیۆگرافیا وشەیەكه له دوو برِگه پێكدێت: بیبلیۆ بەمانای كتێب وگرافیا بەمانای وەصفكردن دێت. و بەسادەترین مانا و پێناسه بریتیه له (( وەصكردنی كتێب)).

بیبلیۆگرافیا یەك پێناسەی دیاریكراوی نیه.بەلاّم بەشێوەیەكی گشتی بریتیه له وەصفكردنی لیستێكی كاره نوسراوەكان جا وتارەكان یان كتێبەكان و ...هتد بێت.كه تیایدا سەرجەم وەصف و زانیاریەكانی دەربارەی ئەو كتێب و بلاّوكراوانه تیادایه وەك: (( ناوی نوسەر یان دانەر،چاپخانه،ساڵی چاپ، وەرزی چاپ ،جێگەی چاپكردن، شار، ولاّت،ژمارەی لاپەرِەكان، قەوارەی كتێب یان بلاّوكراوه ، ژمارەی بەرگ یان نۆبەتی چاپ و...هتد)).

لە قاموسی ئۆكسفۆردی ئینگلیزیدا وشەی بیبلیۆگرافیا وا پێناسەكراوە كە بریتیە لە: (( لەبەرگرتنەوە یان نوسینی كتێب)) واتا بەمانای وەصف و مێژووی كتێب لەلایەنی نوسین و دانان و چاپ و بلأوكردنەوە و ..هتد.لیستی كتێبی تایبەت بە دانەر یان بلأوكەر یان ولأت یان بیرۆكەیەكی دیاریكراو یان بابەتێكی دیاریكراو)).

- **بیبلیۆگرافیاش چەند جۆرێكی هەیە كە بریتین لە:**

١. **بیبلیۆگرافیای شیكەرەوەی دەقی یان پێشی دەوترێت بیبلیۆگرافیای رەخنەیی:**كە گرنگی دەدات بە راڤەكردنی هەموو راستیەكان پەیوەست بە شێوازەكانی گۆران و گواستنەوە لە دەستخەتەوە بۆ بەرهەمی كۆتایی.بەمانای وەصفكردنی مادی دێت بۆ كتێب.كە واتای مێژووی ژیانی كتێب دەگەیەنێت.

٢. **بیبلیۆگرافیای رێكخراوی تایبەتی:** بریتیە لە لیستی رێكخراو كە ئامانج لێی پێناسەكردنی بەرهەمە فكریەكانە لە چوارچێوەی جوگرافیایەكی دیاریكراودا دەنوسرێت و بلأودەكرێتەوە.

٣. گەلێك بنەما هەن كە بیبلیۆگرافیای لەسەر دابەشدەكرێت وەك:

- **بیبلیۆگرافیا گشتگیرەكان:** كە گرنگی دەدات بە بەرهەمێكی فكری بەشێوەیەكی گشتگیر و دابەشدەكرێت بۆ:

١. بیبلیۆگرافیای نەتەوەیی

٢. بیبلیۆگرافیای بازرگانی

٤.**بیبلیۆگرافیا پسپۆرییەكان:** گرنگی دەدات بە وەصفكردنی بەرهەمێكی فكری تایبەتمەند لە بابەتێكی دیاریكراودا.

٥. **بیبلیۆگرافیا پێوانەییەکان:** گرنگی دەدات بە وەصفکردنی بەرهەمێکی فکری گونجاو بۆ ئاڕاستە دیاریکراوەکانی خوێندن یان توێژینەوەیەکی دیاریکراو لە کتێبخانەکان.

٦. **بیبلیۆگرافیا جۆریەکان:** گرنگی دەدات بە دیاریکردن و وەصفکردنی شێوەیەکی دیاریکراو لە شێوەکانی بەرهەمە فکریەکان وەك بلاّوکراوەکان و وەرزیەکان و نامەزانکۆییەکان وکاری کۆنگرەکان و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکان و چاپکراوە فەرمیەکان.

- **بەهەمان شێوە بیبلیۆگرافیا بواری تاییەت بەخۆی هەیە کە بریتین لە:**

١. **بواری بابەتی**

٢. **بواری جوگرافی**

٣. **بواری زمانەوانی**

٤. **بواری مێژوویی**

- **ئامانج لە بیبلیۆگرافیا چیە یان سوودەکانی بیبلیۆگرافیا چین؟**

١. بیبلیۆگرافیا کارئاسانی دەکات بۆلێکۆڵەرانی زانستی بۆ گەڕان و دەستخستنی سەرچاوەی تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی بە پێی ئەو ئاڕاستەیەی کە گەرەکێتی لە ڕووی کات و جێگە و زمانەوانی و بابەتەکانەوە.

٢. بیبلیۆگرافیا یارمەتی لێکۆڵەران دەدات بۆ هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی کە دەیەوێت و ئاڕاستەی دەکەن بۆ سەرچاوەی تر کە بەخەیاڵیدا نەهاتوە.

---

٣. لێکۆڵەر دەتوانێت کە بەدواداچوون بکات بۆ زانیاریەکی دیاریکراو و کارکردن لەسەر تەواوکردنی و ڕاستکردنەوەشی.

٤. بیبلیۆگرافیاکان دادەنرێن بە کلیلی سەرچاوەی زانیاریەکان کە دەبێتە هۆی گەڕانەوە یان کەمکردنەوەی توانا و تێچووەکان و هەروەها دەبێتە هۆکاری خێرا بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵەر بەشێوەیەکی گشتگیر و ووردتر و بە تواناتریش.

- **سیفاتەکانی بیبلیۆگرافیا چین؟**

١. وشەیەکی بەربڵاوە لە بواری کتێبخانە و زانیاریەکاندا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا.

٢. ڕێگەی جیاواز بەکاردێت لە ڕێکخیستنی بیبلیۆگرافیادا لەوانە:(( ڕێکخستنی ئەلف و بێی/ ڕێکخستنی پۆلێنکراو/ ڕێکخستن بەپێی کات یان قۆناغ یان سەردەم،ڕێکخستنی جوگرافیایی، ڕێکخستنی شێوەیی،ڕێکخستن بەپێی خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە)).

- بیبلیۆگرافیاکان بە بوونی شێوەیەکی زۆر وگشتگیری سەرچاوەکانی زانیاریە سەرەکیەکان جیادەکرێتەوە.

٣. بیبلیۆگرافیاکان تەنها ئاماژەی بیبلیۆگرافیایی دەدەن بەبێ ناوهێنانی کتێبخانەکان یان ئەو ناوەندی زانیاریانەی ئەو جۆرانەی تیادایە.

٤. وشەی بیبلیۆگرافیا هەرچەندە وشەیەکی کوردی نیە بەڵام بۆتە وشەیەکی باو و هەموان لەماناکەی تێدەگەن و تائێستاش نەتوانراوە

---

وشەیەکی کوردی پڕبەپێست بۆ وشەی بیبلیۆگرافیا لە زمانی کوردیدا بدۆزرێتەوە و بەکاریش بێت.

- **جا بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا لە ئێستادا چەند ڕێگە و شێواز و تەکنیکێك بەکاردێت لەوانە :**

١. پێڕستە ئەلکترۆنیەکان.

٢. پێڕستە جیهانیەکان لەسەر هێڵی ڕاستەوخۆ.

٣. پێگە ودەروازە بابەتیەکان لەسەر ئەنتەرنێت:زانیاریە وەصفیەکان.

************************

**************

*****

**

*

# بەشی دووەم
# کورتەیەك
# دەربارەی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

- **چۆنێتی دامەزراندنی**

ئاشكرایە دوای سەركەوتنی ڕاپەڕینی گەلەكەمان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا و نەمانی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێمی بەعسی صدامی لەكوردستاندا و ڕزگاركردنی تەواوی شار و شارۆچكە و گوندەكان و دەسەڵاتگرتنە دەست لەلایەن بەرەی كوردستانی ئەوكاتەوە و دەستەبەربوونی ئازادیەكان بۆ هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگاكەمان.ئەندازیارانیش وەكو توێژێكی گرنگ و كاریگەر بۆ ئەو قۆناغەی دوای ئازادی و دەستكردن بە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی كورستانی وێران و كاولكراو و چۆڵكراو كەوتنە خۆ بۆ پێكەوەنانی ڕێكخراوێكی پیشەیی و دیموكراتی و سەربەخۆی خۆیان،چونكە هەستیان بەوەكرد كە بەبێ بوونی ڕێكخراوێكی سەرتاسەری كە سەرجەم ئەندازیارانی كوردستان لەژێر چەتری خۆیدا كۆبكاتەوە و سوود لەتوانا و ئەزموون و شارەزاییان وەربگرێت ناتوانرێت هیچ كارێك بۆ ئەندازیاران دەستبخرێت وئەندازیاران بەمافە ڕەوا پیشەییەكانیان بگەن.جا بیرۆكەی دامەزراندنی ڕێكخراوێكی ئەندازیاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازیاری بەڕێز((سالار جەلال سەعید)) یەكەم سەرۆكی یەكێتی ئەندازیانی كوردستان ،و توانی لە مانگی ١٩٩١/١١دا ٨٦ ئەندازیار لە هۆڵی یانەی ئەندازیارانی سلێمانی كۆبكاتەوە بۆ گفتوگۆكردن دەربارەی بیرۆكەی دامەزراندنی ڕێكخراوەكە.هەربۆیە كۆمەڵێك لە ئەندازیاری شارەزا و لێهاتوو و چالاك كەوتنە خۆ بۆ قسەوباسكردن بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئەندازیارانی شارەكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و كەركوك و خانەقین و هەموو

---

شار وشارۆچکەکانی تر.ئەوەبوو هەڵبژاردن بۆ لیژنەیەکی ئامادەکاری ئەنجامدرا کە لە ٧ ئەندامی سەرەکی و ٢ ئەندامی یەدەگ پێکهات و ٢٠ ئەندازیار خۆیان هەڵبژارد و ئەنجام ئەم ئەندازیارانە دەرچوون:

١. سالار جەلال
٢. دلێر صدیق
٣. ڕەشید خۆشناو
٤. مەمود عەزیز
٥. سیروان عارف ....هتد.

دوای هەڵبژاردنەکە،لیژنەکە بوون بە دووبەشەوە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: سالار جەلال و دلێر صدیق و ڕەشید خۆشنا و مەحمود عەزیز بۆ پەیوەندیکردن بە ئەندازیارانی شارەکانی کەرکوك و هەولێر و دهۆك و خانەقینەوە.

بەشی دووەم: سیروان عارف و ئەوانی تر، دەستبکەن بە ئامادەکردنی پڕۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

ئیدی بەهەوڵ و ماندووبون و زۆر جاران لەسەر خەرجی خۆیان کەوتنە کۆکردنەوەی ئەندازیاران و لەهەر شارێك ژمارەیەك ئەندازیاریان بەهەڵبژاردن دیاریکرد بۆ ئەوەی ببنە نوێنەر و ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندن. ئەم ئیشوکارانە بەخەرجی بڕی ٤٠٠٠ دینار لەلایەن ڕێکخراوی کۆردسەوە دابینکرابوو ئەنجامدران و دواتر ئەو بڕە پارەیەیان بۆ گەڕێنرایەوە.

لەکۆتایی مانگی ١٢/١٩٩١دا هەر چوار لیژنەی ئامادەکاری ٤ پارێزگاکە دامەزرا وله هەولێر کۆبونەوە کە ٢٨ ئەندازیار بوون.

لەشاری سلێمانی (( سالار جەلال و دلێر صدیق و ڕەشید خۆشنا و مەحمود عەزیز و سیروان عارف و ...)).
لە شاری کەرکوك و خانەقین (( طیب جبار و جمال زەنگەنە و جەلال موسی و....)).
لە شاری هەولێر (( جەلال سلیم خۆشنا و نیازی حامد و....)).
لەشاری دهۆکیش(( ئەحمەد بامەڕنی و ئیبراهیم سعید و اسماعیل تاهر و...)).
لەئەنجامی ئەم کۆبونەوەیەدا لیژنەیەکی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە هەڵبژاردن و نوێنەرانی هەر پارێزگایەك لەناو خۆیاندا نوێنەرەکانیان دیاریکرد بەم شێوەیە:

١. لە سلێمانی(( سالار جەلال سعید و دلێر صدیق))
٢. لە کەرکوك و خانەقین(( طیب جبار امین و جەمال زەنگەنە)).
٣. لە هەولێر(( جەلال سلیم خۆشنا و نیازی حامد)).
٤. لە دهۆك(( ئیبراهیم سعید و اسماعیل تاهیر زاهیر)).

دواتر لەکۆبونەوەکەدا بڕیاردرا کە بەڕێزان:

١. سالار جەلال بە سەرۆك
٢. طیب جبار امین بە ڕازگری لیژنەکە دیاریبکرێن.

و ئیدی لیژنەکە کەوتنە خۆ بۆ ناونوسینی ئەندازیاران لە بینای نقابەی موهەندیسین لە شارەکاندا بەمەبەستی ئاماری ئەندازیاران و بەشداربونیان لە کۆنفرانسی لقەکانی شارەکانیاندا و دواتر دەست نیشانکردنی نوێنەرانی کۆنگرە بەهەڵبژاردن.

جارێکی تریش لیژنەی ئامادەکار بەهۆی نەمانی بودجەی پێویستەوە داوایان لە بەڕێز لێپرسراوی بەرەی کوردستانی سلێمانی بەڕێز قادری حاجی علی کرد و بڕی ۱۰۰۰۰دیناریان پێدرا.

دواتر بڕیاردرا کە لەمانگی شوباتی ۱۹۹۲دا کۆنفرانسی لقەکان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك و خانەقین ئەنجامبدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە و ئەوەبوو لەو مانگەدا سەرجەم کۆنفرانسی شارەکان تەواوکران و بەم شێوەیە ئەندامانی کۆنگرە هەڵبژێردران:

١. سلێمانی    ٣٩ ئەندام
٢. هەولێر    ٣٢ ئەندام
٣. کەرکوك و خانەقین    ٢٢ ئەندام
٤. دهۆك    ١٥ ئەندام
٥. مەسیحیەکان    ٣ ئەندام بە تەزکیە (( ٢ لەدهۆك و ١ لە هەولێر))

بەم شێوەیە سەرجەم ئیشوکارەکانی کۆنگرە تەواوکران و تەنها مایەوە دابینکردنی بوجەی کۆنگرەکە کە بڕێك پارەی زۆری پێویست بوو و لەوکاتەشدا لیژنەکە هیچ بڕە پارەیەکیان لەبەردەستدا نەبوە و دوای سەردانیکردنی لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە خەلیفان بەڕێز ((قادر جەباری)) و دواتر بەرەو ڕووکردنەوەی بەڕێز((سامی

عبدالرحمن)) وەك لێپرسراوی ڕێکخراوەکان و دوای مانگ و نیوێك زیاتر ئەو بڕە پارەیەیان بۆ دابین نەکردن. تا ئەوکاتەی سەرۆکی لیژنەی بالاْ ئەندازیار سالار جەلال بە بەڕێز کاك ((کۆسرەت ڕەسول علی)) لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە هەولێر ڕاگەیاند و بەڕێزیشیان بەدڵفراوانیەوە تەواوی بڕە پارەکەی بۆدابینکردن و ڕاستەوخۆش دایانە دەست لیژنە بالاْکە .کە ئەگەر ئەو جوامێریەی بەڕێز ((کۆسرەت ڕەسول علی)) نەبوایە ڕەنگە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە زیاتر دوابکەوتایە.

بەم شێوەیە و دوای ئامادەبوون و پەیداکردنی بودجەی کۆنگرەکە لیژنەی بالاْ ،ڕێکەوتی ٤/٢٧ تا١/٥/١٩٩٢ی دیاریکرد بۆ بەستنی کۆنگرە لەشاری هەولێر و لە هۆڵی مجلس التشریعی ئەوکاتە و خۆشبەختانە لەکات و جێگەی دیاریکراودا کۆنگرە بە ئامادەبوونی ١٠٩ ئەندام کۆنگرە و ئامادەنەبوونی تەنها ٢ ئەندام و میوانگەلێکی زۆر و نوێنەرانی سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان دەستی بەکارەکانی کرد و تا ١/٥/١٩٩٢ی خایاند.

بەم شێوەیە کۆنگرە کۆتایی هات وکۆمیتەی بالاْی ڕێکخراوەکەیان کە ناویان لێنا((**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**))هەڵبژارد و دوای داواکردن لە هونەرمەندان و ئەندازیارانی تەلارسازی بۆ دروستکردنی ئارمێك بۆ ڕێکخراوەکە و لە میانەی پێشانگایەکدا کە لە ڕۆژانی کۆنگرەدا ئامادەکرابوو نزیکەی ٤١ ئارم ئامادەکرابوو و لیژنەی تایبەت بە

پەسەندکردنی ئاڕمەکە ئاڕمێکیان پەسەند کرد و بوە ئاڕمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. و دواتریش دەستەی لقەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و دهۆکیشیان هەڵبژارد لەگەڵ نوێنەرایەتی خانەقیندا.

ئیدی بەم شێوەیە ئەندازیاران وەکو یەکەم توێژی کۆمەڵگای ئازاد و سەربەستی کوردستانی ئەوکاتە بوە خاوەنی یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی خۆیان و پێش هەڵبژاردنی یەکەم پەڕلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩و دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا لەدایك بوو.

هەربۆیە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و ئەندازیارانیش بونە پێشەنگ و ڕابەری کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و جەماوەری لە کوردستانی ئازاددا و دواتریش هەموو ڕێکخراو و یەکێتی و کۆمەڵە پیشەییەکانی تر دامەزران .

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی کارکردن درایە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٧١١ لە ١٩٩٤/٣/٣٠دا.



هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
ڕاوێژکاری یاسایی

ژمارە : ٧١١
بەروار : ١٩٩٤/٣/٣٠

فەرمانی وەزاری

پشت بەو دەستەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی بەندی (٧ و ٨) لەیاسای کۆمەڵەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق (ژمارە ١٨ ساڵی ١٩٩٣) و بوونی مەرجە یاساییەکان لەداوای دامەزراندن بڕیارماندا لەسەر بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندن بە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە بەرواری دەرچوونی ئەم فەرمانەوە .

یونس ڕۆژبەیانی
وەزیری ناوخۆ

- ئیدی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەو کاتەوە و تاکوئێستا لەکار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوامە و تا ساڵی ١٩٩٩ بە یەك و یەکگرتوویی سەرپەرشتی تەواوی ئەندازیارانی کوردستانی دەکرد لە زاخۆ و دهۆکەوە تا خانەقین و کەرکوك .بەڵام بەداخەوە و دوای هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ و دووکەرتبوونی حکومەت و ئیدارە بۆ دوو ئیدارەی سەوز و زەرد،بەدوایدا هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییەکانیش دووکەرت بوون و بونە دوو ڕێکخراو کە بەجیا و بە دوو ئاڕاستەی جیاواز کاریان دەکرد.ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٩دا سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لە یەکێتی ئەندازیارانی

کوردستان جیابۆوە و کاری ڕێکخراوەیی خۆی لە سنوری شارەکانی هەولێر و دهۆك ئەنجام دەدا و تائێستاش بەردەوامن.

ئەوەی مایەی خۆشبەختی ئەندازیارانە لەگەڵ جیاوازی بۆچوون و ئاڕاستەی کارکردنی هەردوو یەکێتی و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لەهەولێر وسلێمانی،بەڵام گەلێك کاری هاوبەشی پێکەوەییان ئەنجامداوە لەبەرژەوەندی ئەندازیاران و ماف و داواکارە ڕەواکانیان وتوانیویانە بەهەردوولا پارایزگاری لەمافەکانی ئەندازیاران بکەن.

لەو ماوانەی ڕابووردووشدا و تاکو ئێستاش لەهەوڵی گەرموگوڕدان بۆ یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی هەموو ئۆرگانەکانیان و بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری بۆئەوەی چیدی ئەندازیاران بە دووکەرتی و پەرت و بڵاوی نەمێننەوە.

بەهیوای ئەوەی ئەو خەونەی ئەندازیاران بێتەدی و هەموان لە ژێر یەك چەتری گەورە و فراوان و بەهێزی ئەندازیاراندا کۆببنەوە و بتوانن هەموو خواست و ئاوات و مافەکانیان وەدەستبێنن.

ئاشکراشە هۆکاری سیاسی و ئابوری و ئەمنیە ناجێگیرەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش هاوکار نەبوون بۆ یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان لەکوردستاندا.هەرئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆئەوەی کە تائێستا هەردوو یەکێتی و سەندیکای ئەندازیاران یەکیان نەگرتۆتەوە.

یەکێتی ئەندازیاران لەماوەی ٣٠ ساڵی تەمەنی خۆیدا توانیویەتی تەنها ٢ کۆنگرە سازبدات کە دەبوایە لانی کەم ١٠-١٥ کۆنگرەی ببەستایە.کە ئەمە یەکێکە لەو ڕەخنانەی ئەندازیاران کە ئاڕاستەی

یەکێتی و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان دەکرێت.چونکە ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵی ڕێکە بەسەر کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەندازیاراندا تێپەڕیوە و هێشتاش نازانرێت کەی و چۆن کۆنگرەی داهاتوو دەبەسرێت،چونکە هەموو کۆنگرەیەك دەتوانێت گۆڕانکاری لەتوانا و عەقڵ و ئەزموونەکاندا بکات و نەوەیەکی نوێ و بەگوڕ و تین و داهێنەرانەتریش بێنێتە پێشەوە و هەربەمەش کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری و پیشەیی پێشدەکەوێت و گەشە دەسێنێت و دواتریش سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراتیانەی ڕاستەقینە دێتە بوون و بەرهەم و هەموانیش بە چین و توێژەکانەوە لەسایەیدا دەحەسێنەوە و ژیان و گوزەرانێکی پڕ ڕەفاه و کەرامەت بەسەر دەبەن.

بەو هیوایەی هەموو هۆکارە نەرێنی و ڕێگریەکان نەمێنن و هەردوو یەکێتی و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانیش یەکبگرنەوە بۆ خزمەتی زیاتری ئەندازیاران.

- **ئاماری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان:**

لە ئێستادا یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ئەم لق و نوێنەرایەتیانەی هەیە لەشار و شارۆچەکەکانی کوردستاندا:

١. لقی سلێمانی
٢. لقی هەولێر
٣. لقی کەرکوك
٤. لقی خانەقین

- ئەم نوێنەرایەتیانەش سەر بەلقی سلێمانین:

١.نوێنەرایەتی دەربەندیخان
٢.نوێنەرایەتی هەڵەبجەی شەهید
٣.نوێنەرایەتی ڕاپەڕین
٤.نوێنەرایەتی پشدەر

- **ئەم نوێنەرایەتیانەش سەر بەلقی هەولێرن:**

١.نوێنەرایەتی کۆیە

- **ئەم نوێنەرایەتیانەش سەر بەلقی کەرکوکن:**

١.نوێنەرایەتی کەلار
٢.نوێنەرایەتی چەمچەماڵ
٣.نوێنەرایەتی دووزخورماتوو لەئێستادا داخراوە.

- **کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەندازیاران تا ٢٠/١١/ ٢٠٢١ بریتین لە:**

| ز | لقەکان | ژمارەی ئەندازیاران | ناوشار | دەرەوەی شار | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ١١٠٣٣ | ٩٠٣٣ | ٢٠٠٠ | | |
| ٢ | هەولێر | ٢٦٣٤ | | | | |
| ٣ | کەرکوك | ٢٧١١ | | | | |
| ٤ | دهۆك | ٦٠١ | | | | |
| ٥ | خانەقین | ٨٠٢ | | | | |
| کۆی گشتی | | ١٧٧٨١ | | | ١٢٨٩٠ | ٤٨٩١ |

---

## ئاماری ئەندازیاران بە پێی پسپۆڕیەکان

| ز | پسپۆڕی ئەندازیاری | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | تەلارسازی | ١٤٣٥ |
| ٢ | شارستانی | ٧٦٨٥ |
| ٣ | کارەبا | ٣١٣٣ |
| ٤ | میکانیك | ٢٦٣٨ |
| ٥ | گەیاندن | ١١٠١ |
| ٦ | کیمیاوی | ٥٣١ |
| ٧ | نەوت | ٣٢٧ |
| ٨ | انتاج و معادن | ٣٠٦ |
| ٩ | ڕووپێوی | ٢٩٨ |
| ١٠ | جیۆتەکنیك | ٢٤٠ |
| ١١ | متفرقە | ٤٨ |
| کۆی گشتی | | ١٧٧٨١ |

- بەنزیکەیش سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانیش هەمان ژمارەی ئەندازیاریان هەیە.بۆیە کۆی گشتی ئەندازیاران لەکوردستاندا لەئێستادا کە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ دەگاتە نزیکەی ٣٦هەزار ئەندازیار و ساڵانەش زیاد دەکات بەهۆی دەرچووانی کۆلێژە ئەندازیاریەکانەوە.

---

## • کار و چالاکیەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان:

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتی سەربەخۆیە، خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوییە،بەشێکە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی پێشکەوتووخواز، هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیشەییەکانی ئەندازیارانی کوردستان.

- بەپێی یاسای ژمارە ١٨ ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان،مۆڵەتی فەرمی کارکردنی پێدراوە.
- لەئێستادا زیاد لە ١٧ هەزار ئەندامی ((یاریدەدەر و کارا و ڕێگەپێدراو و ڕاوێژکاری))هەیە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.
- ٤لق و ٨ نوێنەرایەتی هەیە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا.
- خاوەنی پێگەیەکی ئەلکترۆنی فەرمیە http://www.keu٩٢.org
- خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ((ئەندازیاران))ە کە گۆڤارێکی وەرزانەیە و ماوەی ٢٠ ساڵە بەردەوامە و تائێستا(( ٨٤ )) ژمارەی لێدەرچوە و سەرنوسەرەکەی بەندەیە((ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن( نەوزادی موهەندیس)))ە.
- چەندین پارچە زەوی بۆ ئەندازیاران دابینکردوە لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵیداوە هەمیشە مافە ئەندازیاری و پیشەییەکانی ئەندازیاران دەستەبەربکات لە مووچە و دەرماڵە.

- پشتیوانی ئەندازیارانی کەرتی تایبەتی کردوە.
- توانیویەتی بارەگا بۆ لق و نوێنەرایەتیەکانی لە شارو شارۆچکەکاندا دروست بکات.
- توانیویەتی کە نیزامی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەربکات تایبەت بە نوسینگە ئەندازیاری و ڕاوێژکاریەکان.
- لەهەوڵدایە بۆ دەرکردنی یاسای صندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە.

*******************

*************

******

**

*




**ئاڕمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

# بەشی سێیەم
# کۆنگرەکان

---

- **کۆنگرەکان**
- **کۆنگرەی یەکەم ((کۆنگرەی دامەزراندن))**

یەکەم دانیشتن کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢شەممە لە ڕێکەوتی ٤/٢٧ دەستیپێکرد و تا ١٩٩٢/٥/١ درێژەی کێشا. کۆنگرە سازدرا لە هۆڵی ((المجلس التشريعي))شاری هەولێر لە ژێر دروشمی (( ئەندازیارانی کوردستان پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەن)).بە ئامادەبوونی ١٠٩ ئەندازیار لەسەرجەمی ١١١ ئەندازیار و ٢ ئەندازیاریش وەك چاودێر ئامادەبوون.

- **لۆگۆ و دروشمی کۆنگرە**

**ئەندازیارانی کوردستان پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەن**




- **کۆمیتەی باڵای هەڵبژێردراوی یەکەم کۆنگرە**

١. طيب جبار امين ٦٣ دەنگ جێگری سەرۆك

٢. سالار جەلال سەعید ٦٠دەنگ سەرۆك

٣. سامی صابر علی ٥٧ دەنگ ل. دارایی

٤. عبدالمجيد عبدالحميد محمد ٥٦دەنگ ل.ڕاگەیاندن وپەیوەندی

---

٥. مەحمود عەزیز فەقێ محمد ٥٦ دەنگ ل. کۆمەڵایەتی

٦. دلێر صدیق عبدالله ٥٦ دەنگ ل. زانستی

٧. عبدالقهار عەزیز علی ٥٤ دەنگ ل. ئاوەدانکردنەوە

٨. زیرەك اسماعیل سەرهەنگ ٤٩ دەنگ ل. کارگێڕی

٩. محمد احمد شریف ٤٩ دەنگ سکرتێر

- **ئەم ئەندازیارانەش بە یەدەگ دەرچوون:**

١. ئیبراهیم سعید محمد ٤٧ دەنگ

٢. زانا مستەفا عوزێری ٤٦ دەنگ

- **دەستەی لقەکان**

**١. لقی سلێمانی**

لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٦/٢١دا کۆنفرانسی لقی بەست و لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەم ئەندازیارانە دەرچوون بۆ دەستەی لق:

١. فەهمی محمد تۆفیق سەرۆکی لق

٢.محمد ڕەشید محمد نوری ئەندام

٣. انور صالح شریف ئەندام

٤.حەمە ئازاد تەها ئەندام

٥.محمد هوشیار محمد ئەندام

٦.چرۆ محمد وەهبی ئەندام

٧.نەبەز جەلال احمد ئەندام

٨.شلێر محمد نەجیب ئەندام

٩.عومەر فارس حەمە ئەندام

- **ئەندامانی یەدەگ:**

١.	ئازاد محمود
٢.	وشیار فائق

## ٢.لقی کەرکوك

لەڕۆژ و کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسی لقی سازدا و ئەنجامیش بەم شێوەیە دەستەی لق هەڵبژێردران:

| | |
|---|---|
| ١. ئازاد ڕەسول عبدالله | سەرۆکی لق |
| ٢.صباح مستەفا صدیق | ئەندام |
| ٣.کمال حەمە صاڵح | ئەندام |
| ٤.حبیب عبدالکریم عبدالرحیم | ئەندام |
| ٥.فەیصەل محی الدین محمد | ئەندام |
| ٦.جمال ذنون | ئەندام |
| ٧.نەوزاد حەمە علی | ئەندام |
| ٨.سەعید احمد محمد امین | ئەندام |
| ٩. بەهادین محمد تۆفیق | ئەندام |

- **ئەندامانی یەدەگ:**

١.	سەروەت محمد امین حارس
٢.	.....

## ٣.لقی هەولێر

لەڕۆژ و کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسی لقی سازدا و ئەنجامیش بەم شێوەیە دەستەی لق هەڵبژێردران:

--------------------------------------------------------------------------------

| | | |
|---|---|---|
| ١. | جەوهەر تەها شێخانی | سەرۆکی لق |
| ٢. | نیهاد عزالدین | ئەندام |
| ٣. | حسێن ابراهیم احمد | ئەندام |
| ٤. | نەژاد مستەفا مەزهەر | ئەندام |
| ٥. | ڕەشید اسماعیل دزەیی | ئەندام |
| ٦. | بەیان اسماعیل دزەیی | ئەندام |
| ٧. | کمال یەڵدا | ئەندام |
| ٨. | احمد ادهم کانی | ئەندام |
| ٩. | تەحسین چیچۆ | ئەندام |

- **ئەندامانی یەدەگ:**

١.کامەران جەلال خەیلانی

٢.ئەکرەم احمد ڕەسول

**٤.لقی دهۆك**

- لەڕۆژ و کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسی لقی سازدا و ئەنجامیش بەم شێوەیە دەستەی لق هەڵبژێردران:

| | | |
|---|---|---|
| ١. | احمد حەمید علی بامەڕنی | سەرۆکی لق |
| ٢. | حسن محمد معروف | ئەندام |
| ٣. | حکمت حسن | ئەندام |
| ٤. | لیلی محمد رسول | ئەندام |
| ٥. | ................... | |
| ٦. | ................... | |
| ٧. | ................... | |

---

٨. ....................

٩. ....................

*** ئەندامانی یەدەگ:**

**١.احمد محمد رشید**

٢....................

**٥. نوێنەرایەتی خانەقین**

- **لەڕۆژ و کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسی لقی سازدا و ئەنجامیش بەم شێوەیە دەستەی لق هەڵبژێردران:**

**١. محمد زەکی خورشید لێپرسراوی نوێنەرایەتی**

**٢. صلاح حسێن حەمەخان جێگر**

******************

************

******

**

*

# پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان



## پڕۆگرام

**بەندی( ١ ) ناوی یەکێتیەکە :**

((یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان))

**بەندی( ٢ ) پێناسەی یەکێتیەکە :**

ڕێکخراوێکی پیشەیی نیشتیمانی دیموکراسی سەربەخۆی خاوەن کەسێتیەکی مەعنەوییە و بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی پێشکەوتووخواز و لێی جیانابێتەوە و هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیشەییەکانی ئەندازیارانی کوردستان.

**بەندی( ٣ ) بارەگای یەکێتیەکە**

((شاری هەولێر))

**بەندی( ٤ ) ئامانجەکانی یەکێتیەکە**

**یەکەم:** پشتگیری و پتەوکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

**دووەم:** پتەوکردنی پەیوەندی برایانە لە نێوان ئەندازیارانی کوردستاندا.

**سێیەم:** کارکردن بۆ پێگەیاندنی ئەندازیارانی کوردستانی و بەرزکردنەوەی ئاستی چوستی و ڕۆشنبیری بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی ئاستی پیشەیی ئەندازیاری لە هەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکیەوە تا بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی بزوتنەوەی زانستی.

**چوارەم:** کۆکردنەوەی وزەی ئەندازیاران و بەهێزکردنی توانایان،بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ناوچە وێرانکراوەکانی کوردستاندا ببینن،هەروەها دانانی

چەند ديسپلينێك(ضوابط) بۆ بەئاكام گەياندنى هاوكارى و تەبايى لە نێوان ئەو ڕێكخراوە جياجيايانەى كاردەكەن.

**پێنجەم:** كاركردن بۆ جێبەجێكردنى كارە ئەندازەييەكان بەپێى ئەو مەرج و چۆنێتى تەكنيكيە پێوەريانەى كە ئێستا كاريان پێدەكرێت، لەگەڵ ڕەچاوكردنى ئەو بارودۆخە تايبەتيەى كە پێويستە بۆ ئاوەدانكردنەوەى ناوچە وێرانكراوەكانى كوردستان و پەيڕەوكردنى نەخشە بنەڕەتيەكان.

**شەشەم:** كاركردن بۆ دابينكردنى ڕێكار و نەهێشتنى بێكارى لەناو ئەندازيارلندا و مسۆگەركردنى دواڕۆژى ئەندامەكانى لە تافى نەخۆشى و پيريدا و قەرەبووكردنيان كە تووشى كارەسات دەبن.

**حەوتەم:** بەرزكردنەوەى ئاستى ڕۆشنبيرى و كۆمەڵايەتى و ئابورى ئەندامان.

**هەشتەم:**داكۆكى لە مافى ئەندازياران و چاودێريكردنى بەرژەوەنديە ڕەواكانيان.

**نۆيەم:** دانانى چەند(ضوابط) ێك بۆ كارى ئەندازەيى.

**دەيەم:** پارێزگاريكردن و بايەخدان بە كەلەپورى ئەندازەيى كوردستان و كاركردن بۆ دەرخستنى ڕووخسارەكانى.

**يانزەيەم:** هاريكارى و خۆگونجاندن لەگەڵ يەكێتى و ڕێكخراو و كۆمەڵە پيشەييە كوردستانيە سەربەخۆكانى تر و پتەوكردنى پەيوەندى ڕۆشنبيرى و ئەندازەيى زانستى لەگەڵياندا. هەروەها پتەوكردنى پەيوەندى لەگەڵ ئەو سەنديكا و كۆميتە و دەزگا ناوچەيى و

جیهانیانەی کە ڕێبازیان لەگەڵ ڕێبازی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا بگونجێت.

**دوانزەیەم:** هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی یەکێتی لە ڕێگەی گشت هۆیەکانی بلأوکردنەوە و ڕاگەیاندن و ئەو چالاکیە ڕۆشنبیری و کۆمەلأیەتیانەی کە لە توانادایە،وەك دەرکردنی گۆڤار و بلأوکراوە و بەستنی کۆڕ و کۆنگرە و کردنەوەی خولی تایبەت و وەرگێڕانی سەرچاوە ئەندازەییەکان،هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ مەڵبەندە زانستیەکانی کوردستان و دەرەوەدا.

**سیانزەیەم:** دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی یەکێتی بەو هۆیانەی کە لە بەردەستان،لەوانەش مانگرتن و خۆپیشاندانی ئاشتیانە.

**چواردەیەم:** کارکردن و بەشداریکردن لە زۆرکردنی مەڵبەندە زانستیەکان و کۆلێژە ئەندازیاریەکان و پەیمانگا تەکنەلۆجیەکان لە کوردستاندا.و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زەمالە و بەعسەی خوێندن لە هەموو جیهاندا.

**پانزەیەم:** بەشداریکردن لە ئامادەکردنی توێژینەوە بۆ پڕۆژە نوێکان و پەرەپێدانی پڕۆژە لەوەوبەر دامەزراوەکان لە پێناوی گەشەپێدانی توانای ئابوری کوردستاندا.

**شانزەیەم:** پشتگیریکردن و کۆمەککردنی ئەندازیارانی گشت پارچەکانی تری کوردستان بۆ پێکهێنانی یەکێتی تایبەت بە خۆیان لەهەل و مەرجی گونجاودا.

**حەڤدەیەم:** بەشداریکردن لە پاراستنی ژینگەی کوردستان لە پیسبوون ((تلوث)).

# پەيڕەوى ناوخۆ

**بەندى ( ٥ )**

**يەكەم: بە ئەندام بوون**

**مەرجەكانى بە ئەندام بوون:**

گشت ئەندازياران لە كوردستاندا بۆيان هەيە ببنە ئەندام لە يەكێتيدا،لە ڕێگەى پێشكەشكردنى داوايەكى نوسراوەوە بۆ سنوورى ناوچەى جوگرافياكەى كە ئەندازياريەكەى تيادايە،بۆ پاڵپشتى داواكە دەبێت يەكێك لەم بەڵگە نامانەى خوارەوەى لەگەڵدا بێت:

ناسنامەى نەقابەى ئەندازيارانى عێراقى يان بڕوانامەى دەرچوون لە يەكێك لە كۆلێجەكانى ئەندازيارى (يان ئەوەى هاوشانێتى) لە زانكۆيەكى باوەڕپێكراو لە لايەنى تايبەت بەو مەبەستەوە.لەماوەى ٢ مانگدا وەڵامى داواكەى دەدرێتەوە(ئەگەر بە ئەندام وەرنەگيرا) وە ئەگەر وەڵام نەدرايەوە ماناى وايە داواكەى پەسەندكراوە و دەبێتە ئەندام لەگەڵ هەبوونى ئەم مەرجانەى لاى خوارەوەدا:

١. بڕواى بە ئامانجەكانى يەكێتى هەبێت و بە پێى پەيڕەوى ناوخۆى ڕەفتار بكات.

٢. خوو وڕەوشت و ناوبانگى باش بێت.

٣. دژ بە گەلى كوردستان بەشدارى هيچ تاوانێكى نەكردبێت.

**دووەم : مافەكانى ئەندام**

١. مافی دەنگدان و خۆپالأوتن و هەڵبژاردنی بۆ هەموو لیژنە و کۆمیتەکانی یەکێتی هەیە بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاریکراوە بۆ خۆپالأوتن بۆ کۆمیتەکانی یەکێتی.

٢. بەشداریکردن لە هەموو چالاکیەکانی یەکێتیدا.

٣. پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕەخنەگرتن لە سنووری ڕێکخستن و بەرژەوەندیەکانی یەکێتیدا.

٤. ئەندام بۆی هەیە بە نوسراوێك ڕێگیری لە بە ئەندامبوونی یەکێك بکات کە مەرجەکانی بە ئەندامبوونی تیادا نەبێت.

**سێیەم: ئەرکەکانی ئەندام:**

١. پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

٢. ڕەچاوکردنی ڕەفتاری پیشەیی.

٣. ئابونەی سالأنەی بدات.

٤. کارکردن لە یەکێك لە لیژنەکاندا کاتێك داوای لێکرا.

**چوارەم: لەدەستدانی ئەندامێتی:**

ئەندامێتی بەمردن نامێنێت یان بە بڕیارێك کە لە کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأوە دەربچێت بە زۆربەی دوو لەسەر سێی(٣/٢) دەنگی ئەندامەکانی لەم هەل و مەرجانەی لای خوارەوە دیاریکراوە:

١. دەرکەوت یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی پێشێلکردوە(پاش ئاگادارکردنەوە و ورياكردنەوەی).

٢. خۆکێشانەوە لە یەکێتی بە داوایەکی نوسراو.

٣. کاتێك سزای بەندکردنی بەسەردا بدرێت بەهۆی لاسارییەك یان سەرکێشییەکی ئەوتۆ کە شەرەف بزڕێنێت(جناية او جنحة مخلة بالشرف).

**بەندی( ٦ ) ئۆرگانەکانی یەکێتی:**

**یەکەم** : کۆنگرەی گشتی

**دووەم**:کۆمیتەی ڕاوێژکاری یەکێتی

**سێیەم**: کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأی یەکێتی

**چوارەم**:کۆنفرانسی لقەکان

**پێنجەم**:کۆمیتەی لقەکان

**شەشەم**:نوێنەرایەتیەکان

**بەندی( ٧ ) کۆنگرەی گشتی:**

**یەکەم**: بالأترین دەسەلأتی یەکێتیە و لەو نوێنەرانە پێکدێت کە هەر ٢ ساڵ جارێك بۆ کۆنفرانسی لقەکان هەڵدەبژێردرێن،نابێت نوێنەرانی هیچ لقێك لە (١٥)ئەندام کەمتر بێت،لەگەڵ (٣)نوێنەری تورکومان و (٣) نوێنەری ئاشوری سەرباری ئەوانەشیان کە لە کۆنفرانسی

لقەکانەوە وەك نوێنەر هەڵدەبژێردرێن، لەنێوان ئەم نوێنەرانەدا بەڕێگای (هەڵبژاردنی نهێنی) کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا هەڵدەبژێردرێت،بەمەرجێك هەریەکەیان بەلانی کەمەوە (٨) ساڵ بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕ بوبێت.

**دووەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:**

١. داڕشتنی سیاسەتی گشتی یەکێتی.

٢. دیاریکردن و گۆڕینی ئابونەی بە ئەندام بوون و ئابونەی ساڵانە.

٣. هەڵبژاردنی (٩) ئەندامی سەرەکی و (٣) ئەندامی یەدەگ بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵای یەکێتی ،هەروەها هەڵوەشاندنەوە و هەڵبژاردنەوەی لەکاتی پێویستدا.

٤. گۆڕینی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

٥. بڕیاردان لەسەر دوا ڕاپۆرتی یەکێتی و دوا بودجەی خولی ڕابووردوو لەگەڵ بودجەی پێشنیازکراوی خولی داهاتوو.

٦. سەرپشککردنی هەردوو کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵاو کۆمیتەی ڕاوێژکاری بۆ وەرگرتنی هەندێك لە دەسەڵاتەکانی کۆنگرە جگە لەو دەسەڵاتانەی لەسەرەوە دیاریکراوە.

٧. بەستنی کۆبونەوەی نائاسایی بەداوایەکی نوسراو لەلایەن دوو لەسەر سێی(٣/٢) ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا یان

---

کۆمیتەی ڕاوێژکاری،لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکانی داواکردنی بەستنی کۆبونەوەکە، پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکێتیەکە لەماوەی (٢٠) ڕۆژ لەبەرواری وەرگرتنی داواکەوە، دەستبەکاربێت بۆ ئەو مەبەستە وکۆبونەوە نائاساییەکان تەنها لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە کۆبونەوەکەی لە پێناودا بەستراوە.

**بەندی ( ٨ ) کۆمیتەی ڕاوێژکاری گشتی**

**یەکەم:** لەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵای یەکێتی و سەرۆکی کۆمیتەی لقەکان پێکدێت،هەر (٣) مانگ جارێك یان لەسەر داوای کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا کۆدەبێتەوە. یەکەم کۆبونەوەی خۆی پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی گشتی لەماوەی کەمتر لە (٢) هەفتەدا دەستپێدەکات ،(( جگە لە خولی یەکەم (دامەزرێنەر) کە یەکەم کۆبونەوەی خۆی لەماوەی کەمتر لە (٢) هەفتەی دوای دروستبوونی کۆمیتەی لقەکان دەبەستێت)).

**دووەم: ئەرك و دەسەلاتەکانی کۆمیتەی ڕاوێژکاری:**

١. دیاریکردنی ڕچە و شێوازی پێویست بۆ بە ئەنجامگەیاندنی سیاسەتی گشتی یەکێتی و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی.

٢. بڕیاردان لەسەر شێوازی گشتی چۆنێتی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو بەش و لیژنانەی کە پەیوەستن بە مەڵبەندی یەکێتی و

لقەکانەوە، و دیاریکردنی ئەرك و دەسەلأتیان بەپێی پێویست و بارودۆخی گونجاو.

٣. بڕیاردان لەسەر شێوازی گشتی سەپاندنی سزاکان و یەکالأکردنەوە ڕاسپاردەکانی (لجنة الضبط).

٤. بڕیاردان لەسەر شێوازی کارکردنی ئەندازیاران و نوسینگە ئەندازەییەکان و قەدەغەکردنی بەردەوام بوون لەکاری پیشەیی.

٥. یەکالأکردنەوەی داوا و خۆکێشانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأ و کۆمیتەی لقەکان و دەرکردنی بڕیاری شیاو لە بارەیانەوە.

٦. بەدواداچوون و گفتوگۆکردن لەسەر کار و دەستکەوتەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأ و کۆمیتەی لقەکان.

٧. هەمئاهەنگیکردن((التنسیق)) لە نێوان کۆمیتەی لقەکان و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأ و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

**بەندی( ٩ ) کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأی یەکێتی:**

**یەکەم:** سەرۆك و جێگر و ڕازگر و خەزنەداری یەکێتی لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالأ هەڵدەبژێردرێن.ئەویش لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەدا دەبێت کە پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی گشتی لەماوەی کەمتر لە ١هەفتەدا سازدەکرێت.

**دووەم: کۆبونەوەکانی کۆمیتەی باڵا بە لایەنی کەمەوە لە مانگێکدا ٢ جار ئەنجام دەدرێت.**

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا :**

**١. کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی و کۆمیتەی ڕاوێژکاری.**

**٢. دامەزراندنی کارمەندانی یەکێتی و دیاریکردنی مووچەیان، لەوانەش ووردبینی ژمێریاری(مدقق حسابات) بۆ ووردبینیکردن لە ژمێرەی ساڵانەی یەکێتیدا.**

**٣. بینینی داوای بە ئەندام بوون لە یەکێتیدا و بڕیاردان لەسەر وەرگرتنیان.**

**٤. پەسەندکردنی پلە بەرزکردنەوە( ترقیە)ی ئەندازیاران.**

**٥. پێکهێنانی ئەو لیژنە و بەشانەی کە پەیوەندیان بە مەڵبەندەوە هەیە بە پێی ئەو شێوازەی کە کۆمیتەی ڕاوێژکاری بڕیاری لەسەر دەدات،و هەر یەکێك لەم لیژنانەی لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەوە سەرۆکایەتی دەکرێت،و ئەندامەکانی تری ئەو بەش و لیژنانە لەلایەن کۆمیتەوە هەڵدەبژێردرێن.**

**٦. هەر دەسەڵاتێکی تر کە کۆنگرەی گشتی سەرپشکی دەکات.**

**بەندى( ١٠ ) كۆنفرانسى لقەكان :**

**يەكەم:** كۆنفرانسى لقەكان لەو ئەندازيارە تۆماركراوانەى لقەكان پێكدێن كە پابەندبوون بە پەيڕە و پرۆگرامى ناوخۆى يەكێتيەوە.
**دووەم:** كۆنفرانسى لقەكان هەر (٢) ساڵ جارێك دەبەسرێت و تێيدا نوێنەرانى كۆنگرەى گشتى هەڵدەبژێردرێن بە ڕێژەى ١ نوێنەر بۆ هەر(٣٠) ئەندام.
**سێيەم:** پاش ئەوەى كۆنگرەى گشتى كۆتايى بەكارەكانى خۆى هێنا و كۆميتەى بەڕێوەبردنى بالاً هەڵدەبژێريێت،كۆميتەى لقەكانيش لەو نوێنەرانەى كە ماونەتەوە هەڵدبژێردرێن.

**بەندى ( ١١ ) كۆميتەى لقەكان :**
**يەكەم:** كۆميتەى لق لە(٩) ئەندامى سەرەكى و (٢) ئەندامى يەدەگ پێكدێت، كە لە نوێنەرانى كۆنگرەى گشتى هەڵدەبژێردرێن( جگە لە ئەندامانى كۆميتەى بەڕێوەبردنى بالاً، پێويستە بەلايەنى كەمەوە (٤) ساڵ بەسەر دەرچوونيدا تێپەڕ بوبێت.سەرۆكى لق پێويستە (٨) ساڵ بەسەر دەرچوونيدا تێپەڕ بوبێت، و جێگرەكەى و ڕازگر و خەزنەداريش لە يەكەم كۆبونەوەى كۆميتەى لقدا هەڵدەبژێردرێن. پێويستە ئەم كۆبونەوەيە لە پاش تێپەڕبوونى ماوەى كەمتر لە ١ هەفتە بەسەر هەڵبژاردنەكەدا ئەنجام بدرێت.
**دووەم:** كۆميتە بەلايەنى كەمەوە مانگى ٢ جار كۆدەبێتەوە.

**سێیەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی لق:**

١. کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی یەکێتی لە سنووری ناوچەی بەڕێوەبردنی خۆیدا.

٢. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی و کۆمیتەی ڕاوێژکاری و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا.

٣. دامەزراندنی کارمەندانی لق و دیاریکردنی مووچەیان کە لە نێویاندا ژمێریارێك هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژمێرەیی لق.

٤. پێکهێنانی ئەو لیژنە و بەشانەی کە پەیوەندیان بە لقەوە هەیە،بەهەمان شێوازی یەکێتی.

٥. گۆڕینی یانەی سەر بەلق بۆ یانە و مەڵبەندی ڕۆشنبیری، و پێکهێنانی لیژنەیەکی بەڕێوەبردن بە سەرۆکایەتی یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی لق،و کۆمیتە سەرپەرشتی تەواوی گشت کاروبار و چالاکیەکانی یانەکە دەکات.

**بەندی( ١٢ ) نوێنەرایەتیەکان:**

ئەشێ لە مەڵبەندی قەزا و شوێنی ئیشە دوورەکان یان ئەو شوێنانەی کە لەدەرەوەی سنووری چالاکی یەکێتیدان، نوێنەرایەتیان تیادابکرێتەوە.بەمەرجێك ژمارەی ئەندازیاران لەهەریەك لەو مەڵبەند و شوێنکارانە لە ٢٠ ئەندازیاری سەر بە یەکێتی کەمتر نەبن  کە لە نێویاندا ئەندامێکی پەیوەندیدار بە لق

هەبێت (کە بۆی هەیە بە شێوەی چاودێر ئامادەی کۆبونەوەکانی لق بێت) و یاریدەدەرەکەی هەڵدەبژێردرێن،ئەم نوێنەرایەتیانە بە پێی پێویست کۆبونەوەی خۆیان دەکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کار و چۆنێتی باشکردن و گەشەپێدانی شێوازەکەی و هەر کارێکی تر کە بە پێویستی بزانن و بیانەوێت بیخەنە بەرچاوی کۆمیتەی لق.

**بەندی (١٣) کاروباری دارایی:**

**یەکەم: داهات پێکدێت لە:**

١. ئابونەی بە ئەندام بوون: ١٠ دینار

٢. ئابونەی ساڵانە: بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەردەگیرێن:

- (٥) دینار بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە (٥) ساڵ یان کەمتر بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕبوبێت.
- (١٠)دینار بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە(١٠) ساڵ یان کەمتر بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕبوبێت.
- (١٥)دینار بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە(١٥) ساڵ یان کەمتر بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕبوبێت.
- (٢٠)دینار بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە(٢٠) ساڵ یان کەمتر بەسەر دەرچوونیاندا تێپەڕبوبێت.

٣.قازانجی گۆڤار و بلاَوکراوەکانی یەکێتی.

٤.داهاتی ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی سازدەکرێن.

٥.هەموو ئەو یارمەتی و باربۆیانەی کە بە یەکێتی دەبەخشرێن.

**دووەم: خەرجیەکان:**

١.کۆمیتەی ڕاوێژکاری بۆی هەیە پەیڕەوی خەرجکردن بۆ گشت چالاکیە پێویستەکان ڕێکبخات،وەك خەرجی گوزار و ناردن و میوانداری و کرێی کارمەندان و کرێ خانوو و ئەو خەرجیانەی تر کە پەیوەندیان پێوەی هەیە و باربۆی خێزانی ئەندازیارە شەهیدەکان و خەرجی ڕاگەیاندن و ئاگاداری و هەر خەرجیەکی تر.

٢.کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بالاَ و کۆمیتەی لقەکان پێشنیازەکانی خۆیان لە بارەی داهات و خەرجیەوە لە شێوەی بودجەدا پێشکەش دەکەن و لەلایەن کۆمیتەی ڕاوێژکاریەوە بەرزدەکرێتەوە و لە کۆنگرەی گشتیدا پەسەند دەکرێت.

**بەندی( ١٤ ) بڕیارە گشتیەکان:**

**یەکەم:** هەموو کۆبونەوەکانی کۆنگرەی گشتی و کۆنفرانسی لقەکان و کۆمیتە و لیژنەکان یاسایی دەبن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان و ئەگەر هاتوو زۆرینەی ئەندامان لەکاتی دیاریکراودا ئامادە نەبوون،ئەوا دوای ١ هەفتە کۆبونەوەی دووەم لەهەمان شوێن و کاتدا ئەنجامدەدرێت( گەر شوێن و کاتی تر

لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵاوە بەهۆی هەر هۆکارێکەوە دیارینەکرا،کۆمیتەی باڵا خۆی لێی بەرپرسیارە) و کۆبونەوەی دووەم یاسایی دەبێت،ژمارەی ئامادەبوانی هەرچەندێك بێت.

**دووەم:** بوون بە ئەندام لە یەکێتیدا بەپێی ویستی ئەندازیارە.

**سێیەم:** هەر ئەندامێك لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا یان کۆمیتەی لقەکان بەدەستلەکارکێشراوە دادەنرێت لە کۆمیتەکەی، ئەگەر هاتوو بۆ ٣ کۆبونەوەی یەك لەدوایەك یان بۆ ١٠ کۆبونەوە لە ماوەی ١ ساڵدا ئامادەنەبوو، بەبێ هیچ هۆکار و پۆزشێك کە جێگەی ڕەزامەندی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا یان لیژنەی دیسپلین(ضبط) یان کۆمیتەی لق بێت.

**چوارەم:** بڕیاردان سەبارەت بە کردنەوە و داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن لە دەسەڵاتی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵادایە.

**پێنجەم:** کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی صلاح الدین ئەو لایەنەیە کە پشتیپێدەبەسرێت بۆ متمانەکردن بە بڕوانامە ئەندازیاریەکان.

**شەشەم:** ئەگەر پلە و پایەکانی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا چۆڵ بوو،پێویستە لەسەر ئەو ئەندامانەی تری کۆمیتە کە ماونەتەوە داوا لە کۆنگرەی گشتی بکەن کە لەماوەی ١ مانگدا کۆببێتەوە بەمەبەستی هەڵبژاردنی جێگرەوەکانیان.

وە ئەگەر پلە و پایەی گشت ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی باڵا چۆڵ بوو ئەوا لیژنەیەکی کاتی پێکدەهێنرێت لە ٣ بۆ ٥ ئەندام لە ئەندامانی کۆمیتەی لقەکان لە کۆبونەوەیەکدا کە بۆ ئەو مەبەستە ڕێکدەخرێت لەسەر داوای لایەنی تایبەتمەند.

- **کۆنگرەی دووەم**

کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە ڕۆژانی ١٩-٢٠٠١/٩/٢١ لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجان لەشاری سلێمانی سازدرا.

یەکەم دانیشتنی کۆنگرە لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٩/١٩دا ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سکرتێر و سەرۆکی حیزبە سیاسیەکان و ژمارەیەك میوانی زۆری دامودەزگا حیزبی و حکومی و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان.

- **کۆنگرە لەلایەن ئەم ٣ ئەندازیارەوە بەڕێوەبرا کە بەهەڵبژاردن دیاریکران:**

١. طیب جبار امین سەرۆك
٢. نوزاد عوسمان (( نەوزادی موهەندیس)) جێگری سەرۆك
٣. سەربەست عبدالکریم بڕیاردەر

کۆنگرە لە ١٤٤ ئەندام پێکهاتبوو ،لە دانیشتنی یەکەمیدا ١١٦ ئەندام ئامادەبوون و ٢٨ ئەندام ئامادەنەبوون.

- **لۆگۆ و دروشمی کۆنگرە**
- ئاشتی و بوژانەوە
- **کۆمیتەی باڵای هەڵبژێردراوی دووەم کۆنگرە**

١. طیب جبار امین ٨٨ دەنگ سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

٢.حامد قادر عبدالله — ٧٢ دەنگ جێگری سەرۆك

٣.سەربەست عبدالكریم — ٥٧ دەنگ سكرتێر

٤.عالیە تۆفیق تاهیر — ٧٩ دەنگ ل.لیژنەی دارایی

٥.فاتح عبدالله عباس — ٩٥ دەنگ ل.لیژنەی ئاوەدانكردنەوە

٦.سامی صابر علی — ٦٤ دەنگ ل.لیژنەی زانستی

٧.ڕەنج عبدالحمید محمد — ٧٦ دەنگ ل.لیژنەی ڕاگەیاندن

٨.پێشڕەو كمال جەلال — ٥٦ دەنگ ل. لیژنەی پەیوەندی

٩.ئیبراهیم شاه محمد شاه حسێن — ٥٦ دەنگ ل.لیژنەی كارگێڕی

١٠.عوسمان قادر محمد — ٦٨دەنگ ل.لیژنەی كارگێڕی

١١.ئیسماعیل تاهیر ظاهر — ٦٠ دەنگ ل. لیژنەی بەدواداچوون

- **ئەم ئەندازیارانەش بە یەدەگ دەرچوون:**

١. گوڵاڵە عبدالرحمن — ٥٠ دەنگ

٢. عەسكەر احمد محمد — ٥٠ دەنگ

٣. بەهمەن انور عبدالله — ٤٧ دەنگ

٤. ئاراس حەوێز صادق — ٤٦ دەنگ




باجی ئەندامانی كۆنگرەی دووەم

**تێبینی:**

**دوای ئەوەی بەڕێز ((تەیب جبار امین)) لە سەرۆکی یەکێتی ئەندازیاران دەستی لەکارکێشایەوە.بەڕێز((حامد قادر عبدالله)) هەڵبژێردرا بە سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و دواتریش ئەویش دەستی لەکارکێشایەوە و بەڕێز ((ڕەنج عبدالحمید محمد)) هەڵبژێردرا بەسەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و تا ئێستا بەردەوامە.**

- **دەستەی لقەکان**

**١.لقی سلێمانی**

- **لقی سلێمانی لە ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١١ دیاریکرابوو بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دواخرا بۆ ڕۆژی ٣ شەممە ٢٠٠١/١٠/٣٠ و لەکۆی ٦٣ ئەندامی کۆنگرە ٤٦ ئەندام ئامادەبوون و ١٤ ئەندازیار خۆیان پاڵاوت ودەستەی لق بەهەڵبژاردن دیاریکران بۆ ٧ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەگ کە لەم ئەندازیارانە پێکهاتبوون:**

| | | |
|---|---|---|
| ١.ئازاد تاهیر صدیق | ٣٠ دەنگ | سەرۆکی لق |
| ٢. ڕووبار نوری حەمۆل | ٢٨ دەنگ | ئەندام |
| ٣.سیروان حەسەن علی | ٢٨ دەنگ | ئەندام |
| ٤.نزار اسعد محمد | ٢٧ دەنگ | ئەندام |
| ٥.نەوزاد عوسمان عبدالرحمن | ٢٥ دەنگ | ئەندام |
| ٦.بەرزان احمد عبدالله | ٢٥ دەنگ | ئەندام |
| ٧.حسام الدین محمد میرزا | ٢٥ دەنگ | ئەندام |
| ٨. ڕەهێڵ عبدالله محمد | ٢٥ دەنگ | ئەندام |

---

٩.ئامينە محمد عوسمان		٢٥ دەنگ		ئەندام

١٠.ڕێبوار ڕەسول حەمە امين		٢٤ دەنگ		ئەندام

١١. بەرزان مەحمود امين		٢٤ دەنگ		ئەندام

دواى ئەوەى دادوەر بڕياريدا هەڵبژاردن دووبارە بكرێتەوە لە ژمارە ٥-٩ چونكە هەموانيان ٢٥ دەنگيان بەدەستهێنابوو،دواى هەڵبژاردن ئەنجامەكان بەم شێوەيە بوون:

١. نەوزاد عوسمان عبدالرحمن		٢١ دەنگ

٢. ئامينە محمد عوسمان		٢١ دەنگ

٣. حسام الدين محمد ميرزا		١٨ دەنگ

- **ئەم ئەندازيارانەش بە يەدەگ دەرچوون:**

١. بەرزان احمد عبدالله		١٧ دەنگ

٢. ڕەهێڵ عبدالله محمد		١٤ دەنگ

٣. ڕێبوار ڕەسول حەمەامين		٢٤ دەنگ

٤. بەرزان محمود امين		٢٤ دەنگ

- لە ڕۆژى ٣ شەممە ڕێكەوتى ٢٠٠١/١١/١٧دا ئەندامانى سەرەكى لقى سلێمانى ئيشوكارەكانيان لەناو خۆياندا بەم جۆرە دابەشكرد:

١.ئازاد تاهير صديق		سەرۆكى لق

٢.حسام الدين محمد ميرزا		جێگرى سەرۆكى لق

٣. نزار اسعد محمد		سكرتێر

٤. سيروان حەسەن على		ئەندام ل. دارايى

٥.ڕوبار نورى حەمۆڵ		ئەندام ل.ليژنەى زانستى و ئاوەدانكردنەوە

٦. نەوزاد عوسمان عبدالرحمن ئەندام ل. لیژنەی کارگێڕی وکۆمەلأیەتی

٧.ئامینە محمد عوسمان ئەندام ل. لیژنەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن

**تێبینی:**

دواتر ئەندازیار نەوزاد عوسمان عبدالرحمن دەستیلەکارکێشایەوە و ئەندازیار بەرزان احمد عبدالله سەرکەوت بۆ ئەندامێتی دەستەی لق.

## ٢.لقی کەرکوک

- لقی کەرکوک لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٣ لەشاری سلێمانی کۆنفرانسی هەڵبژاردنی دەستەی لقی کەرکوک سازدرا و لەکۆی ٣٢ ئەندامی کۆنگرە ٢٩ ئەندام ئامادەبوون ودەستەی لق بەهەڵبژاردن دیاریکران کە لەم ئەندازیارانە پێکهاتبوون:

- **ئەندامانی سەرەکی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. | نجم الدین جبار کەرەم | ٢٧ دەنگ |
| ٢. | غریب عبدالرحمن محمد | ٢٤ دەنگ |
| ٣. | محمد حسین عباس | ٢٣ دەنگ |
| ٤. | باسط عزیز عبدالله | ٢٣ دەنگ |
| ٥. | کامەران بەکر عبدالله | ٢٢ دەنگ |
| ٦. | عبدالخالق عبدالله محمد | ٢١ دەنگ |
| ٧. | صباح مستەفا صدیق | ١٨ دەنگ |

- **ئەندامانی یەدەگ:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. | محمود کریم امین | ١٧ دەنگ |

٢. ئیبراهیم محمد ڕەشید ١٦ دەنگ

٣. احمد رحیم کریم ١٦ دەنگ

٤. خالد سلیم احمد ١٦ دەنگ

• هەر لە ٢٠٠١/١٠/١٣دا دەستەی لق لە یەکەم کۆبونەوەی خۆیدا ئیشوکارەکانیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە لەناو خۆیاندا دابەشکرد:

١. نجم الدین جبار کەرەم سەرۆکی لق

٢. محمد حسێن عباس جێگری سەرۆکی لق

٣. عبدالخالق عبدالله سکرتێر

٤. باسط عزیز محمد ل. دارایی

٥. کامەران بەکر عبدالله ل.لیژنەی زانستی و ئاوەدانکردنەوە

٦. صباح مستەفا صدیق ل.لیژنەی کارگێڕی وکۆمەلأیەتی

٧. غریب عبدالرحمن محمد ل. پەیوەندی و ڕاگەیاندن

**تێبینی:**

لەبەر چەند هۆکارێك ئەندازیار صباح مستەفا صدیق دەستیلەکارکێشایەوە و ئەندازیار محمود کریم امین، سەرکەوت بۆ ئەندامێتی دەستەی لق.

### ٣.لقی هەولێر

لە ڕۆژی ٥ شەممە و ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/١٨ لەهۆڵی مەڵبەندی لاوان لە شارۆچکەی کۆیە کۆنفرانسی دەستەی لقی هەولێر بەسەرپەرشتی دادوەر و نوێنەری پارێزگای هەولێر و سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی

---

بالاّ سازدرا ودەستەی لق بەهەڵبژاردن دیاریکران کەلەم ئەندازیارانە پێکهاتبوون:

- **ئەندامانی سەرەکی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. | امیر ارسلان محسن | ١٧ دەنگ |
| ٢. | شەماڵ قادر عمر | ١٤ دەنگ |
| ٣. | ئاراس حەمە سعید محمد | ١٤ دەنگ |
| ٤. | سەلام سعید ابراهیم | ١٣ دەنگ |
| ٥. | دژوار فتح الله عبدالله | ١٣ دەنگ |
| ٦. | هیمداد علی حەمەد | ١٢ دەنگ |
| ٧. | ابراهیم ڕۆستەم حەسەن | ١٢ دەنگ |

- **ئەندامانی یەدەگ:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. | عبدالرحمن عومەر اسماعیل | ١١ دەنگ |
| ٢. | هێرش حەمەسوور ڕەسول | ٩ دەنگ |
| ٣. | دڵشاد بەکر کریم | ٨ دەنگ |
| ٤. | سەرکەوت حەمەد عمر | ٦ دەنگ |

- ئەندامانی دەستەی لقی هەڵبژێردراو لە ٢٠٠١/١٠/٢٩دا ئیشوکارەکانیان لەنێوخۆیاندا بەم جۆرە دابەشکرد:

| | | |
|---|---|---|
| ١. | ابراهیم ڕۆستەم حسن | سەرۆکی لق |
| ٢. | امیر ارسلان | جێگری سەرۆکی لق |

٣. هیمداد علی حەمەد سکرتێر
٤. ئاراس حەمە سعید محمد ل.دارایی
٥. سەلام سعید ابراهیم ل.لیژنەی زانستی و ئاوەدانکردنەوە
٦. شەماڵ قادر عومەر ل. لیژنەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی
٧. دژوار فتح الله عبدالله ل.لیژنەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن

## ٤.لقی خانەقین

- ڕۆژی ٣ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٣ لە شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی باڵا پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی نوێنەرایەتی خانەقین ئەنجامدراو ئەنجامیش بەم شێوەیە بوو:

١. عبدالکریم شاه محمد شاه حسێن لێپرسراو نوێنەرایەتی
٢. عەلی حسێن احمد جێگری لێپرسراو

دواتر و بەبڕیاری دەستەی ڕاوێژکاری ئاستی نوێنەرایەتی خانەقین بەرزکرایەوە بۆ لقی خانەقین و ئەم ئەندازیارانە بونە دەستەی لقی خانەقین :

١.عبدالکریم شاه محمد شاه حسێن لێپرسراو لق
٢. محمد وەلی کەمەرخان جێگری لێپرسراوی لق
٣. سۆران علی حسن ئەندام لق
٤.نوزاد محمد عباس ئەندام لق

- **نوێنەرایەتیەکان**

## ١. نوێنەرایەتی دەربەندیخان

ئەندازیار باست عزیز عبداللە لێپرسراوی نوێنەرایەتیەکەیە.

## ٢.نوێنەرایەتی ڕاپەڕین

لە ڕۆژی ١ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٦ لە هۆڵی سەرۆکایەتی شارەزانی ڕانیە،بە ئامادەبوونی نوێنەری دادگای ڕانیە وسەرپەرشتی کۆمیتەی بالاً ودەستەی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و بە ئامادەبوونی ٧٥ ئەندازیار.دوای کردنەوەی دەرگای خۆپالأوتن ٥ ئەندازیار خۆیان کاندید کرد و ئەنجامی دەنگدانیش بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ١. نجم الدين محمد سعيد | ٤٠ دەنگ |
| ٢. داستان محمد خليل | ٢٩ دەنگ |
| ٣. بەشدار عبدالرحمن محمود | ٢٧ دەنگ |
| ٤. پێشڕەو حەمە امين | ٢٠ دەنگ |
| ٥. جمال عبداللە خدر | ١٠ دەنگ |

ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو کە هەریەکە لە :

| | |
|---|---|
| ١. نجم الدين محمد سعيد | لێپرسراوی نوێنەرایەتی |
| ٢. داستان محمد خليل | جێگری لێپرسراو |

- **بەلاَم لە ئێستادا ئەم ئەندازیارانە بونەتە لێپرسراو و جێگری**

**لێپرسراوی نوێنەراتیەتیەکە :**

| | |
|---|---|
| ١. بەختیار خضر عبداللە | لێپرسراوی نوێنەرایەتی |
| ٢. ڕێبوار عبداللە حسن | جێگری لێپرسراو |

## ٣.نوێنەرایەتی پشدەر

----------------------------------------------------------------

لە ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٩/٣٠ لە هۆڵی سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ،بە ئامادەبوونی نوێنەری قائیمقامیەتی قەڵادزێ و دادگای قەڵادزێ و سەرپەرشتی نوێنەری کۆمیتەی باڵا ودەستەی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و بە ئامادەبوونی ٥٧ ئەندازیار.دوای کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن ٤ ئەندازیار خۆیان کاندید کرد و ئەنجامی دەنگدانیش ئەم دوو ئەندازیارە بونە لێپرسراو و جێگری لێپرسراوی نوێنەرایەتی پشدەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان.

١.تاریق خدر حەمە کریم ٣٣ دەنگ لێپرسراوی نوێنەرایەتی

٢.دلێر خدر ابراهیم ٣٢ دەنگ جێگری لێپرسراو

- **بەڵام لە ئێستادا ئەم ئەندازیارانە بونەتە لێپرسراو و جێگری لێپرسراوی نوێنەراتیەتیەکە :**

١.سلام حسین سلێمان لێپرسراوی نوێنەرایەتی

٢.سەردار عبدالله مەلا جێگری لێپرسراو

## ٤.نوێنەرایەتی هەڵە بجەی شەهید

لە ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٧/٢١ لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجەی شەهید،بە ئامادەبوونی نوێنەری قائیمقامیەتی هەڵەبجە و لیژنەی یاسایی و ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەی باڵا ودەستەی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و بە ئامادەبوونی ١٤٣ ئەندازیار.دوای کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن ٤ ئەندازیار خۆیان کاندید کرد و ئەنجامی دەنگدانیش بەم شێوەیە بوو:

١. قطب الدین حسن علی ٩٠ دەنگ
٢. هێرش حەمە امین فقێ ٦٦ دەنگ
٣. ملك محمد عبدالرحمن ٦٥ دەنگ
٤. دالیا فاروق ابراهیم ٥٨ دەنگ

ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو کە هەریەکە لە :

٣. قطب الدین حسن علی لێپرسراوی نوێنەرایەتی
٤. هێرش حەمە امین فقێ جێگری لێپرسراو

- **بەلاّم لە ئێستادا ئەندازیار فلاح حسن احمد لەجیاتی ئەندازیار هێرش حەمە امین فقێ بۆتە جێگری لێپرسراوی نوێنەرایەتیەکە.**

## ٥.نوێنەرایەتی چەمچەماڵ

دوای ئەوەی ٣٠ ئەندازیار لە چەمچەماڵ داوایەکیان پێشکەشکرد بە لقی کەرکوك بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی چەمچەماڵ، کۆمیتەی بالاّ بڕیاریدا بەکردنەوەی نوێنەرایەتیەکە و لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٢/١٣ لەهۆڵی خوێندنگای هەلۆ لە چەمچەماڵ بە ئامادەبوونی نوێنەری قائیمقامیەتی چەمچەماڵ و سەرۆك و ئەندامانی لقی کەرکوك پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامدرا و ئەنجامیش بەم شێوەیە بوو:

١. جومعە امین کریم لێپرسراوی نوێنەرایەتی
٢. علی عبدالرحمن قادر جێگری لێپرسراو

## ٦.نوێنەرایەتی کەلار

دوای ئەوەی ٤٥ ئەندازیار داوایەکیان بەرزکردەوە بۆ لقی کەرکوک و کۆمیتەی بالاٚ بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی،کۆمیتەی بالاٚ بڕیاریدا بەکردنەوەی نوێنەرایەتیەکە و لە ڕۆژی ١شەممە و ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣ و کاتژمێر ١١:٥ پێشنیوەڕۆ لە هۆڵی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بە ئامادەبوونی نوێنەری قائیمقامیەتی کەلار و سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی بالاٚ ودەستەی لقی کەرکوك هەڵبژاردن بەڕێوەچوو و ئەنجامەکەش بەم شێوەیە بوو:

١. عوسمان محی الدین عبدالله لێپرسراوی نوێنەرایەتی
٢. هیوا ابراهیم عزیز جێگری لێپرسراو

## ٧.نوێنەرایەتی کۆیە

ئەندازیار شوان عبدالله صاڵح لێپرسراوی نوێنەرایەتیەکەیە.

*******************

*************

******

**

*

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان



# پرۆگرام

**بەندی ((١))**

- **ناوی یەکێتیەکە:** یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

**بەندی ((٢))**

- **پێناسەی یەکێتیەکە:** ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتی سەربەخۆیە،خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوییە،بەشێکە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی پێشکەوتووخواز. هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پیشەییەکانی ئەندازیارانی کوردستان.

**بەندی ((٣))**

- **بارەگای یەکێتیەکە:** بارەگای یەکێتی ئەندازیاران لە شاری هەولێر یان هەر جێگەیەکی تر بە پێی بارودۆخ و بەپێی بڕیاری زۆرینەی دەستەی ڕاوێژکاری دەبێت.

**بەندی ((٤))**

- **ئامانجەکانی یەکێتیەکە:**

١.پشتگیری و پتەوکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە.

٢. پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندازیارانی کوردستاندا.

٣. کارکردن بۆ پێگەیاندنی ئەندازیارانی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕوناکبیریان بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی ئاستی پیشەیی ئەندازیاران لە هەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکییەوە تا بگونجێ لەگەڵ پێداویستیەکانی گەشەکردنی زانستیدا.

٤.کۆکردنەوەی وزەی ئەندازیاران و بەهێزکردنی توانایان بۆ ئەوەی لەم قۆناغە و داهاتووشدا ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی هەرێمی کوردستاندا ببینن.هەروەها کارکردن بۆ بە ئاکام گەیاندنی هەمئاهەنگی و هاوکاری لە نێوان دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ئەو ڕێکخراوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن.

٥. کارکردن لەسەر ڕێنمایی و هۆشیار کردنەوەی ئەندازیاران بۆ جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردنی کارە ئەندازەییەکان بەپێی مەرج و مواصەفاتی تەکنیکی پێوانەیی کارپێکراو و پابەندبوون بە نەخشەی بنەڕەتییەوە.

٦. کارکردن بۆ دابینکردنی ڕێکار و نەهێشتنی بێکاری لە ناو ئەندازیاراندا و مسۆگەرکردنی دواڕۆژی ئەندامانی لە تافی پیری و نەخۆشیدا وقەرەبووکردنەوەیان لەکاتی تووشبونیان بە کارەسات.

٧. بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری ئەندامان.

٨. داکۆکیکردن لە مافی ئەندازیاران و چاودێریکردنی بەرژەوەندیە ڕەواکانیان.

٩. دانانی چەند دیسپلینێك بۆ کاری ئەندازەیی.

١٠. پارێزگاریکردن و بایەخدان بە کەلەپووری ئەندازەیی کوردستان و کارکردن بۆ دەرخستنی ڕوخسارەکانی.

١١.هاوکاری و خۆگونجاندن لەگەڵ یەکێتی و ڕێکخراو و کۆمەڵە پیشەییە کوردستانیە سەربەخۆکانی تر و پتەوکردنی ڕۆشنبیری زانستی لەگەڵیاندا.هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو

سەندیکاو ڕێکخراو و کۆمیتە و دەزگا ناوخۆیی و جیهانیانەی کە ڕێبازیان لەگەڵ ڕێبازی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا دەگونجێت.

١٢.هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی لە ڕێگەی گشت هۆیەکانی بلاّوکردنەوە و ڕاگەیاندن وئەو چالاکیە ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتیانەی کە لەتوانادایە،وەك دەرکردنی گۆڤار و بلاّوکراوە و بەستنی کۆڕ و کۆنگرە و خولی تایبەت و پشتگیری و هاندانی وەرگێڕانی سەرچاوە ئەندازەییەکان، هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ مەڵبەندە زانستیەکانی کوردستان و دەرەوەدا.

١٣.دەربڕینی ڕاوبۆچونەکانی یەکێتی بەو هۆکارانەی لەبەردەستدایە لەوانەش مانگرتن و خۆپیشاندانی ئاشتیانە.

١٤.کارکردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زەمالە و بەعسەی ((نێردەی)) ئەندازیاری لە هەموو جیهاندا .

١٥.هاوکاری و بە شداریکردن لە ئامادەکردنی پڕۆژە نوێیەکان و پەرەپێدانی پڕۆژە دامەزراوەکان، لە پێناوی گەشەپێدانی تeverی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

١٦. پشتگیری و کۆمەککردنی ئەندازیارانی گشت بەشەکانی تری کوردستان بۆ پێکهێنانی یەکێتی تایبەت بە خۆیان لە هەلومەرجی گونجاودا.

١٧. بەشداریکردن لە پاراستنی ژینگەی کوردستان لە پیسبوون ((**التلوث** )).

١٨. هاوکاری و هاندانی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری مین هەڵگرتنەوەدا لەکوردستان کار دەکەن.

---

١٩. پاداشتکردنی ئەندازیارە داهێنەرەکان.

*************************

## پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

**بەندی ( ٥ )**

### یەکەم: بە ئەندام بوون

**مەرجەکانی بە ئەندام بوون:-**

گشت ئەندازیاران لە کوردستاندا بۆیان هەیە ببنە ئەندام لە یەکێتی ئەندازیاراندا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەکی نوسراوەوە بۆ ئەو لقەی کە دەیەوێت بەپێی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە :-

أ.پشتگیریکردنی داواکەی بەبڕوانامەی دەرچوون لە یەکێك لە کۆلێژەکان و ئەندازیاری عێراقی یان ئەوەی هاوتای لەزانکۆیەکی باوەڕ پێکراوەوە و لایەنی تایبەت بەو مەبەستەوە یان ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی عێراقی.

ب.خووڕەوشت و ناوبانگی پاك بێت.

ج.پێویستە حوکم نەدرابێت بە بەندکردن بەهۆی تاوانی ناپاکی بەرامبەر بە گەلی کوردستان و کەتنی پەیوەندی دار بە شەرەفەوە.

پێویستە لەماوەی دوو مانگدا وەڵامی داواکەی بدرێتەوە و ئەگەر لەو ماوەیەدا وەڵام نەدرایەوە داواکەی بە پەسەندکراو دەژمێردرێت.

**دووەم : مافەکانی ئەندام**

أ. مافی دەنگ دان و خۆپالاوتن و هەڵبژاردنی لە هەموو لیژنە و کۆمیتەکانی یەکێتیدا هەیە بەپێی ئەو مەرجانەی کەلە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری کراوە بۆ خۆپالاوتن بۆ کۆمیتەکانی یەکێتیی.

ب. بەشداریکردن لە هەموو چالاکییەکانی یەکێتیی دا.

ج. پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕەخنە لەسنووری ڕێکخستن و بەرژەوەندیەکانی یەکێتیدا.

د. ئەندام بۆی هەیە بە نوسین ڕێگری لەبەردەم بە ئەندام بوونی ئەندازیارێك بگرێت کە مەرجەکانی بە ئەندام بوونی تێدا نەبێت.

هـ. ئەندام بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا داوای کۆمەك بکات.

**سێیەم : ئەرکەکانی ئەندام**

ا. پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

ب. ڕەچاوکردنی ڕەفتاری پیشەیی.

ج.ئابوونەی ساڵانە بدات، ئەگەر دواکەوت پێویستە غەرامە بدات بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی کە کۆمیتەی باڵا دەریدەکات لەو بارەیەوە.

د. کارکردن لە یەکێك لە لیژنەکاندا کاتێك داوای لێدەکرێت.

**چوارەم : لە دەستدانی ئەندامێتی**

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ئەندامێتی نامێنێت بە بڕیارێك کە لە کۆمیتەی باڵاوە دەربچێت بە دوو لەسەر سێی دەنگ (٣/٢) ی ئەندامانی کاتێك:

ا/ دەرکەوت یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی پێشێل کردووە (پاش ئاگادارکردنەوەی و وریا کردنەوەی).

ب/خۆکێشانەوە لە یەکێتیی بە داوایەکی نوسراو.

ج/ کاتێك سزای بەندکرندی بەسەردا بدرێت بەهۆی لاسارییەك یان سەرکێشیەکی ئەوتۆ کە شەرەف بزڕێنێت (**جناية أو جنحة مخلة بالشرف**) هەروها لە حاڵەتی مردندا (ترقين قيد)ی ئەندازیار دەکرێت.

**بەندی (( ٦ )):**

**ئۆرگانەکانی یەکێتیی:**

١. کۆنگرەی گشتی.
٢. دەستەی ڕاوێژکاری.
٣. کۆمیتەی باڵا.
٤. کۆنفرانسی لقەکان.
٥. دەستەی نوێنەرانی لقەکان.
٦. کۆمیتەی لق.
٧. نوێنەرایەتییەکان.

**بەندی ( ٧ )**

**کۆنگرەی گشتی**

**یەکەم :-**

باڵاترین دەسەڵاتی یەکێتییە و لە ئەندامانی کۆمیتەی باڵا و ئەو نوێنەرانە پێکدێت کە هەردوو ساڵ جارێك بۆ کۆنفرانسی لقەکان هەڵدەبژێردرێن. نابێت نوێنەرانی هیچ لقێك لە ١٥ ئەندام کەمتر بێت، لەگەڵ سێ نوێنەری تورکمان و سێ نوێنەری مەسیحی (سەرباری

---------------------------------------------------------
ئەوانەشیان کەلە کۆنفرانسی لقەکانەوە وەك نوێنەر هەڵدەبژێردرێن) لە نێوان ئەم نوێنەرانەدا بە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنی کۆمیتەی باڵا هەڵدەبژێردرێت، بەمەرجێك هەریەکەیان ١٢ساڵ بەسەر دەرچوونی دا تێپەڕ بوبێت.

**دووەم :-**

**ئەك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی گشتی**

ا-داڕشتنی سیاسەتی گشتی یەکێتیی.

ب-هەڵبژاردنی ١١ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەگ بۆ کۆمیتەی باڵای یەکێتی.

ج-گۆڕینی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

د-بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی گشتی خولی پێشوو.

ه. بەستنی کۆبونەوەی نائاسایی بە داوایەکی نوسراو لەلایەن ( ٣/١) یەك لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرەی گشتییەوە، یان( ٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاریەوە،پێشکەش دەکرێت بە سەرۆك یان جێگرەکەی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆی داواکە.پێویستە لەسەر سەرۆك یان جێگرەکەی کاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە بکات کە لە ماوەی ((٢٠)) بیست ڕۆژدا ببەسترێت و کۆبونەوەکە تەنها باسی ئەو بابەتە دەکات کە لە پێناویدا کۆبونەوەکە بەستراوە.

و- کۆنگرەی گشتی دەسەلاٚتی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئەندازیاران و یەکگرتنەوەی هەیە بە ( ٣/٢) دوو لەسەر سێی ئامادەبووان.بەمەرجێك ژمارەی ئامادەبووانی کۆنگرە لە ( ٤/٣) سێ لەسەر چواری ژمارەی گشتی نوێنەران کەمتر نەبێت.

**بەندی (( ٨ ))**

**دەستەی ڕاوێژکاری**

**یەکەم:**

**دەستەی ڕاوێژکاری پێکدێت لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی باڵا بە ئەندامانی سەرەکی و یەدەگەوە لەگەڵ لێپرسراوی لقەکان و یەك ئەندامی تر و لێپرسراوی نوێنەرایەتی خانەقین. هەموو ٣ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە یان لەسەر داوای کۆمیتەی باڵا و پێویستە یەکەم کۆبونەوەی دوای کۆنگرە لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا ئەنجام بدات.**

**دووەم:**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی ڕاوێژکاری**

**ا/ دیاریکردنی ڕچە وشێوازی پێویست بۆ بە ئەنجامگەیاندنی سیاسەتی گشتی یەکێتی و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی.**

**ب/ بڕیاردان لەسەر چۆنێتی شێوازی گشتی چۆنێتی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو بەش و لیژنانەی کە پەیوەستن بە مەڵبەندی یەکێتی و لقەکانەوە ،و دیاریکردنی ئەرك ودەسەڵاتیان بەپێی پێویست و بارودۆخی گونجاو.**

**ج/ بڕیاردان لەسەر شێوازی گشتی سەپاندنی سزاکان و یەکالاکردنەوەی ڕاسپاردەکانی لیژنەی (ظبط).**

**د/ بڕیاردان لەسەر شێوازی کاری ئەندازیاران و نوسینگە ئەندازەییەکان و قەدەغەکردنی بەردەوامبوون لەکاری پیشەیی.**

ه/ یەکلاکردنەوەی داوای خۆکێشانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بالاّ و لقەکان و وەرگرتنی بڕیاری شیاو لەو بارەیەوە.

و/ بەدواچوون و وتوویژکردن لەسەرکار و دەستکەوتەکانی کۆمیتەی بالاّ وکۆمیتەی لقەکان .

ز/هەمئاهەنگی لەنێوان کۆمیتەی لقەکان و کۆمیتەی بالاّ و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان .

ی/ دەستەی ڕاوێژکاری بۆی هەیە داوا لەدەستەی نوێنەرانی لق بکات بۆ بەستنی کۆبونەوەیەکی نائاسایی بۆ هەڵوەشاندنەوە و هەڵبژاردنەوەی دەستەی لق لەماوەی ( ٢٠) ڕۆژدا لەم حاڵەتانەدا :-

*ئەگەر کۆمیتەی لق پەیوەست نەبوو بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی دەستەی ڕاوێژکاریەوە.

*ئەگەر لەئاستی بەرپرسیارێتی خۆیدا نەبوو.

*ئەگەر ناپاکی لە بەکارهێنانی پارەو بەڕێوەبردنی لقدا هەبوو.

* ئەگەر ٣/٢ ی دەستەی نوێنەرانی لق داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی لقیان کرد بەنوسراو و بەبەڵگەی باوەڕپێکراو ( موجب ومقنع) دەستەی ڕاوێژکاری ،دەستەی نوێنەرانی لق کۆدەکاتەوە و دەستەیەکی نویٚ بۆ لق هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو ماوەیەی کە لەخولەکەدا ماوەتەوە .

بەندی (( ٩ ))

کۆمیتەی بالاّ

یەکەم :

سەرۆك و جێگر و ڕازگر و لێپرسراوی دارایی یەکێتی لە ئەندامانی کۆمیتەی بالاّ هەڵدەبژێردرێن، ئەویش لەیەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی

بالأدا دەبێت کە پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی گشتی لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەك دەبەسرێت .

**دووەم :**

کۆبونەوەکانی کۆمیتەی بالاً بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار دەبەسرێت .

**سێیەم :**

**ئەرك و دەسەلأتەکانی کۆمیتەی بالاً :**

ا/ کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکان و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی و دەستەی ڕاوێژکاری.

ب/ دامەزراندنی کارمەندانی یەکێتی و دیاریکردنی مووچەیان .

ج/ سەیرکردنی داوای بوون بە ئەندام لە یەکێتیدا و بڕیاردان لەسەر وەرگرتنیان .

د/ پەسەندکردنی پلە بەرزکردنەوە ( ترقیە ) ی ئەندازیاران.

ه/ پێکهێنانی ئەو لیژنەو بەشانەی کە پەیوەندیان بەناوەندی کۆمیتەی بالأوە هەیە بەپێی ئەو شێوازەی کە دەستەی ڕاوێژکاری بڕیاری لەسەر دەدات. هەریەکێك لەم لیژنانە لەلایەن یەکێك لەئەندامانی کۆمیتەی بالأوە سەرۆکایەتی دەکرێت و ئەندامەکانی تر ئەم بەش و لیژنانە لەلایەن کۆمیتەی بالأوە هەڵدەبژێردرێن .

و/ هەر دەسەلأتێك کە دەستەی ڕاوێژکاری دەیداتیٚ .

ز/ دیاریکردن و هەموارکردنی پارەی بوون بەئەندام و ئابونەی سالأنە بەمەرجێك دەستەی ڕاوێژکاری پەسەندی بکات .

ح/ دەرکردنی ڕێنمایی و دەسەڵاتی دارایی بۆ کۆمیتەی باڵا و دەستەی لقەکان بەمەرجێ لەلایەن دەستەی ڕاوێژکاریەوە پەسەند بکرێت .

گ/ کۆمیتەی باڵا بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە دەستەی لقەکان .

ی/ لیژنەی ( **ظبط** ) پێکبهێنرێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی بۆ ماوەی (٢) ساڵ.

**بەندی ( ١٠ )**

**کۆنفرانسی لق**

**یەکەم/** کۆنفرانسی لقەکان لەو ئەندازیارە ناونوسکراوانە پێکدێت کە پابەند بوون بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەوە.

**دووەم/ کۆنفرانسی** لقەکان هەر ٢ ساڵ جارێك دەبەسترێت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێنەرانی لق بۆ کۆنگرەی گشتی بەڕێژەی یەك نوێنەر بۆ ٥٠ ئەندام بە مەرجێك ژمارەی نوێنەری هەر لقێك لە ١٥ ئەندام کەمتر نەبێت.

**بەندی ( ١١ )**

**دەستەی نوێنەرانی لق**

**یەکەم** /دەستەی نوێنەرانی لق دەستەیەکی کارایە لەماوەی خولەکەیدا.

**دووەم** / دەستەی نوێنەرانی لق لەو نوێنەرانە پێکدێت کە لە کۆنفرانسی لقەکان هەڵبژێردراون وەك لە بەندی (( ١٠ )) بڕگەی دووەمدا هاتووە.

**سێیەم** / دەستەی نوێنەرانی لق کۆنفرانسی یەکەمی خۆی دەبەستێت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق پاش کۆتایی کۆنگرە بەمەرجێك لە ( ٣٠ )

---
ڕۆژ تێپەڕنەکات بەسەرپەرشتی کۆمیتەی باڵاو بەشێوەی دەنگدانی نهێنی .
**چوارەم/** دەستەی نوێنەرانی لق بۆی هەیە داوایەکی نوسراو پێشکەش بە سەرۆکی کۆمیتەی باڵا بکات کە ٣/٢ دوو لەسەر سێی ئەندامان ئیمزایان کردبێت بۆ متمانەسەندنەوە لەیەك یان زیاتر یان هەموو ئەندامانی دەستەی لق بەبەستنی کۆنفرانسی نائاسایی دەستەی نوێنەرانی لق بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێی لق.
**بەندی ( ١٢ )**
**کۆمیتەی لق**
**یەکەم /** کۆمیتەی لق پێك دێت لە ٧ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەگ کە لە دەستەی نوێنەرانی لق هەڵدەبژێردرێن جگە لە ئەندامانی کۆمیتەی باڵا. پێویستە سەرۆکی لق و جێگرەکەی ١٠ ساڵ بەسەر دەرچونیاندا تێپەر بووبێت و ئەندامانی لقیش ٥ ساڵ.
سەرۆك و جێگر و سکرتێر و لێپرسراوی دارایی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیاندا هەڵدەبژێرن کە لە ماوەی هەفتەیەك پاش هەڵبژاردنیان ئەنجام دەدرێت. بۆ حاڵەتی نائاسایی دەستەی ڕاوێژکاری و کۆمیتەی باڵا بڕیار دەدات.
**دووەم/** کۆمیتەی لق بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێك کۆدەبێتەوە.
**سێیەم/ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی لق**
١.کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی یەکێتی لە سنووری ناوچەی بەڕێوەبەردنی خۆیدا.

---

ب.جێبەجێكردنى بڕيارەكانى كۆنگرەى گشتى و دەستەى ڕاوێژكارى و كۆميتەى بالا.

ج.پێكهێنانى ئەو ليژنەو بەشانەى كە پەيوەنديان بەلقەوە هەيە بەهەمان شێوازى كۆميتەى بالا.

د.كۆميتەى لق سەرپەرشتى يانە و مەڵبەندى ڕۆشنبيرى دەكات،پێويستە ليژنەيەكى كارگێڕى پێكبهێنێت بەسەرۆكايەتى يەكێك لە ئەندامانى بۆ بەڕێوەبردنى ئەو كارە.

**بەندى (( ١٣ ))**

**نوێنەرايەتيەكان**

دەشێت لە مەڵبەندى قەزا و شوێنى ئيشە دورەكان يان ئەو شوێنانەى كە لە دەرەوەى سنورى چالاكى يەكێتى دان نوێنەرايەتيان تێدا بكرێتەوە،بەمەرجێك ژمارەى ئەو ئەندازيارانەى لەهەريەك لەو مەڵبەند و شوێن كارانەدان لە (٣٠) ئەندازيارى سەر بەيەكێتى كەمتر نەبن.لەنێوانياندا ئەندامێكى پەيوەنديدار بە لقەوە ( كە بۆى هەيە وەك چاودێر لەكۆبونەوەكاندا ئامادە بێت ) و ياريدەدەرەكەى هەڵدەبژێردرێت. ئەو نوێنەرايەتيانە بەپێى پێويست كۆبونەوەى خۆيان دەكەن بۆ وتووێژكردن لەسەر كێشەى كار و چۆنێتى باشكردن و گەشەپێدانى شێوازەكەى و هەركارێكى تر كە بەپێويستى بزانن و بيانەوێت بيخەنە بەردەستى كۆميتەى لق.

**بەندى (( ١٤ ))**

**كاروبارى دارايى**

**يەكەم : داهات**

أ.ئابونەی بەئەندام بوون

ب.ئابوونەی سالأنە

ج.قازانجی گۆڤار وبلأوکراوەکانی یەکێتی

د.داهاتی ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی سازدەکرێت

ه.هەموو ئەو یارمەتی و باربۆیانەی کە بە یەکێتی دەبەخشرێت

و.داهاتی یانە و مەڵبەندی ڕۆشنبیری

ز.ڕەسمی مۆڵەتی بیناکردن

ی.ڕەسمی کردنەوەی نوسینگەی ئەندازیاری

دووەم/ خەرجییەکان

کۆمیتەی بالأ بۆی هەیە ڕێنمایی خەرجکردن بۆ گشت چالاکی و پێویستیەکانی دەربکات، وەك خەرجی گوزار و ناردن و میوانداری و مووچە و کرێی خانوو و ئەو خەرجیانەی تر کە پەیوەندیان پێوەی هەیە و باربۆی خێزانی ئەندازیارە شەهید و کۆچکردو و کەمئەندام و نەخۆشی درێژخایەن و خەرجی ڕاگەیاندن و ئاگاداری و هەر خەرجیەکی تر .کۆمیتەی بالأ و کۆمیتەی لقەکان پێشنیازەکانی خۆیان لەبارەی داهات و خەرجییەوە لەشێوەی بودجەدا پێشکەش دەکەن و لەلایەن دەستەی ڕاوێژکارییەوە پەسەند دەکرێت .

بەندی ((١٥))

بنەما گشتیەکان

یەکەم /

-----------------------------------------------------------

هەموو کۆبونەوەکانی کۆنگرەی گشتی و کۆبونەوەی دەستە و کۆمیتەی لقەکان و لیژنەکان،یاسایی دەبن بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان، ئەگەر هاتوو زۆربەی ئەندامان لەکاتی دیاریکراودا ئامادە نەبوون،ئەوا دوای هەفتەیەك کۆبونەوەی دووەم لە هەمان شوێن و کاتدا دەبەسرێت ( گەر شوێن و کاتی تر لەلایەن کۆمیتەی بالأوە بەهۆی هۆکاری کاریگەرەوە دیارینەکرا،کەکۆمیتەی بالأ لێی بەرپرسیارە )، کۆبونەوەی دووەم یاسایی دەبێت لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئامادەبوان هەرچەند بێت.

**دووەم /**

بوون بەئەندام لە یەکێتیدا بەپێی ویستی ئەندازیارە .

**سێیەم/**

هەرئەندامێك لەئەندامانی کۆمیتەی بالأ یان کۆمیتەی لقەکان بەدەستکێشراوە دادەنرێت لەکۆمیتەکەی ، ئەگەر هاتوو بۆ (٣) کۆبونەوەی یەك لەدوایەك یان ( ١٠ ) کۆبونەوە لەماوەی ١ ساڵدا ئامادە نەبوبێ بەبێ پۆزشێك کە جێی ڕەزامەندی کۆمیتەی بالأ یان لیژنەی دیسپلین ( **ضبط** ) یان کۆمیتەی لق بێت .

**چوارەم/**

فەرماندان سەبارەت بەکردنەوەی بەستنی دەرگای خۆپالأوتن لە دەسەلأتی کۆمیتەی بالأدایە.

**پێنجەم/**

وەزارەتی خوێندنی بالأ ئەو لایەنەیە کە پشتی پێ دەبەسرێت بۆ بڕواکردن بەبڕوانامەی ئەندازیاری .

**شەشەم /**

ئەگەر پلە و پایەکانی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی بالاّ چۆلّ بوو، پێویستە لەسەر ئەو ئەندامانەی تری کۆمیتە کە ماونەتەوە داوا لە کۆنگرەی گشتی بکەن لەماوەی مانگێکدا کۆ ببێتەوە بۆ هەلّبژاردنی جێگرەکانیان. ئەگەر پلەو پایەی کۆمیتەی بالاّ چۆلّ بوو ئەوا لیژنەیەکی کاتی پێك دێت لە ( ٣-٥) ئەندام لە ئەندامانی کۆمیتەی لقەکان لەکۆبونەوەیەکدا کە بۆ ئەم مەبەستە دەبەسرێت لەسەر داوای لایەنی تایبەتمەند.

**حەوتەم/**

دەستەی ڕاوێژکاری و کۆمیتەی بالاّ و کۆمیتەی لق بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانیان کۆبونەوەی خۆیان دەبەستن و بڕیارەکانیان یاسایی دەبێت .

**هەشتەم /**

ئەگەر بەستنی کۆنگرەی گشتی لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا دواکەوت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەستەی نوێنەرانی لق بۆی هەیە داوا لە کۆمیتەی بالاّ بکەن کە ڕەزامەند بێت لەسەر بەستنی کۆبونەوەیەکی نائاسایی بۆ هەلّبژاردنی دەستەیەکەی کاتی بۆ لق تا کاتی کۆنگرە.

**نۆهەم /**

ئەگەر دەستەی نوێنەرانی لقەکان هەلّبژێردران بۆ کۆنگرەی گشتی بەستنی کۆنگرە دوا کەوت، کۆمیتەی بالاّی کارا بۆی هەیە داوا لە

دەستەی نوێنەرانی لق بکات کۆنفرانسی خۆیان ببەستن بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی کاتی لق تا کۆنگرە .

**دەیەم /**

کۆمیتەی باڵا و دەستەی لقەکان بۆیان هەیە بەشێك لە کارەکانیان بسپێرن بە ئەندامە یەدەگەکانیان و لە کاتی پێویستدا لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبن ،بەڵام مافی دەنگ دانیان نیە .

**ئارمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

# بەشی چوارەم
# کورتەیەك دەربارەی گۆڤاری ئەندازیاران

# گۆڤاری ئەندازیاران

- دوای کۆتایهاتنی کارەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کە لە ١٩-٢٠٢١/٩/٢١لەشاری سلێمانی سازدرا و دوای ئەوەی کە ئیشوکارەکان لەنێوان ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی باڵادا دابەشکران ودواتریش سەرجەم دەستەی لق ونوێنەرایەتیەکانیش هەڵبژێردران و دەستیان بەکارەکانی خۆیان کرد.پاڵپشت بە خاڵی ١٢ هەم لە پرۆگرامی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەم لە ١٩-٢٠٠١/٩/٢١دا کە دەڵێت ((هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی لە ڕێگەی گشت هۆیەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن وئەو چالاکیە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی کە لەتوانادایە،وەك **دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە** و بەستنی کۆڕ و کۆنگرە و خولی تایبەت و پشتگیری و هاندانی وەرگێڕانی سەرچاوە ئەندازەییەکان، هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ مەڵبەندە زانستیەکانی کوردستان و دەرەوەدا)).
- کۆمیتەی باڵا بڕیاریدا کە گۆڤارێك دەربکرێت وەك دەنگ و ڕەنگی یەکێتیەکە بۆ پیشاندان و بڵاوکردنەوەی کاروچالاکیەکانی سەرجەم کۆمیتەی باڵا و لق و نوێنەرایەتیەکان و پیشاندانی ڕووی گەشی ئاوەدانی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەسەرکردنەوە و پیشاندانی پرۆژە ئەندازیاریەکان و هەروەها ناسینی ئەندازیارانی بەتوانا و داهێنەر بە کۆمەڵگاکەمان.دوای چەندین کۆبونەوە،توانرا کە ناوی گۆڤارەکە ودەستەیەکی نوسەران لە

ئەندازیاران پێکبهێنرێت و شێواز و ڕێچکەی کارکردنی گۆڤارەکەش دیاریبکرێت و دوای ئەوەی کە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگیرا و بەڕەسمی مۆڵەتی گۆڤارەکە درا بە دەرچوون بە ژمارە ٩٦٩ لە ٢٠٠١/١٢/٢٥دا ،بڕیاردرا کە ناوی گۆڤارەکە ((ئەندازیاران)) و سەرنوسەرەکەی ((ئەندازیار طیب جبار امین))سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و خاوەنی ئیمتیازەکەشی ((یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان )) بێت و دەستەی نوسەرانیش لەهەریەکە لەم ئەندازیارانە پێکهات:

- ڕەنج عبدالحمید محمد
- محمد ئازاد تەها
- نەوزاد عوسمان عبدالرحمن (( نەوزادی موهەندیس))
- کامەران حەمە صاڵح کارگەچی
- احمد عمر علی
- عبدالکریم شاە محمد شاە حسێن
- دوای ئەوەی بە فەرمی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشتبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٦٦٩ لە ٢٠٠١/١٢/٢٥ دا مۆڵەتی دەرچوونی گۆڤارەکە درا . ویەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە وەرزی بەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا دەرکرا و کەوتە بەردیدەی خوێنەران و ئەندازیارانی ئازیزەوە.ئیدی کاروانی گۆڤاری ئەندازیاران تاکو ئێستا و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕێکە بەردەوامە بەهەوڵ و هیمەت و پشتیوان

**کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و ئەندازیارانی خەمخۆر بە هاوکاری گۆڤارەکە بەنوسین و بابەتە ئەندازیاریەکانیان.**



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن
بەشی مۆڵەت

ژمارە: ٦٦٩
زاینیی: ٥/١٢/٢٠٠١ز
کوردی: ٤ / بەفرانبار / ٢٧٠١ک

فەرمانی وەزاری

١- بە پاڵپشتی مادە (١٦) ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٣/ ی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە بەخشینی مۆڵەتی یاسایی بە گۆڤاری ئەندازیاران کە گۆڤارێکی ئەندازیاری وەرزییە و خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن:

خاوەن ئیمتیاز: یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
سەرنووسەر: ئەندازیار / طیب جبار امین

٢- ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ.

فتاح زاخۆیی
وەزیری ڕۆشنبیری

وێنەیەك بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - دیوان / بفەرمون بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی ناوخۆ - ڕاوێژکاری یاسایی/ بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزماندا.
- نوسینگەی تایبەت.
- بەڕیوەبەرێتی گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی / رامیاری.
- بەڕیز خاوەنی ئیمتیاز.
- ژمێریاری/ بۆ کاری پیویست.
- دۆسیەی مۆڵەت - ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.
- دۆسیەی دەرچووەکان.



هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی راگەیاندن

ژمارە٦٦٩
زایینی: ٢٠٠١/١٢/٢٥

مۆڵەت

بە پێی بڕگەی ١٦ لە یاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ /ی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بەبەخشینی مۆڵەتی یاسایی بە گۆڤاری (ئەندازیاران) کە هەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە..

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتی ئەندازیارانی کورد ستان
سەرنووسەر: ئەندازیار طیب جبار امین

فەتاح زاخۆیی
وەزیری رۆشنبیری

- گۆڤارەکە لە ژمارە ١-٧ بەڕەسمی سەرنوسەرەکەی بەڕێز ((ئەندازیار طیب جبار امین)) بوو،بەلاّم دوای دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز طیب جبار امین لە کاری سەرنوسەری گۆڤارەکە بەکردارەکی لە ژمارە ٤وە ئەندازیار نەوزاد عوسمان عبدالرحمن ((نەوزادی موهەندیس)) ئیشوکاری سەرنوسەری گۆڤارەکەی ڕادەپەڕاند و تا لە ژمارە ٧ی گۆڤارەکەشەوە ئیدی بەڕەسمی ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن ((نەوزادی موهەندیس)) بوە سەرنوسەری گۆڤارەکە بەپێی ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١١٩ لە ٢٠٠٤/٣/١٧.وبەم شێوەیە تائێستا بەردەوامە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری
بەرێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن
بەشی مۆڵەت

ژمارە: ١١٩
زاینیی: ٢٠٠٤/٣/١٧
کوردی: ٢٧ی رەشەمێ/٢٧٠٣

فەرمانی وەزاری

بە پشت بەستن بە خاڵی (١٠)ی رێنمای ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی وەزارەتی رۆشنبیری ، کە لەسەر بناغەی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەرێمی کوردستان داڕێژراوە، بڕیارماندا بە گۆڕینی سەرنووسەری گۆڤاری (ئەندازیاران) لە بەڕێز ئەندازیار (طیب جەبار ئەمین ) بۆ بەڕێز ئەندازیار (نەوزاد عوسمان عبدالرحمن) .

فەتاح زاخۆیی
وەزیری رۆشنبیری

وێنەی بۆ/
- وەزارەتی ناوخۆ – بەرێوەبەرێتی گشتیی دیوان
- وەزارەتی رۆشنبیری / نوسینگەی تایبەت
- بەڕێز خاوەن ئیمتیاز
- بەشی مۆڵەت
- دۆسیەی دەرچووەکان

٠٩:٣٥ م نووسەر :سالار محمد ... ٠٤/٠٣/٢٧

- دواتر و لەساڵی ٢٠١٠دا ودوای دەرچوونی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ گۆڤاری ئەندازیاران بە فەرمی لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ٣٥ لە ٢٠١٠/١/٢٦دا تۆمارکرا.



سەندیکای رۆژنامەنووسانی
کوردستان

ژمارە: ( ٣٥ )
رۆژ: ٢٦/ ١ / ٢٠١٠

تۆماری یاسایی

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامە/ گۆڤاری ( ئەندازیاران ) کە خاوەن ئیمتیازی (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) و سەرنووسەرەکەی (نوزاد عثمان عبدالرحمن )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( ٣٥ ) تۆمار کرا..

فەرهاد عەونی
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٦/ ١ / ٢٠١٠

- گۆڤارەکە ساڵ بەساڵ و قۆناغ بەقۆناغ گۆڕانکاری بەسەر بەرگ و ناوەڕۆك و سیما و بابەتەکان و گۆشەکانیدا هاتوە بەپێی ئەزموونی کارکردن و پێویستبوونی ڕۆژگار وداهێنانەکانمان.
- بەداخەوە دەستەی نوسەرانی دامەزرێنەر هەریەکە و بەبیانویەکەوە نەیانتوانی ئامادەگی و بەردەوامبن لە کارەکەیاندا بۆیە

لە ژمارە ٥ی گۆڤارەکەوە ناوەکانیان لەسەر گۆڤارەکە لابراو لەجیاتی ئەوان بەم تێکستە(( **لەبەر ئەوەی گۆڤاری ئەندازیاران تایبەتە بە زانستی ئەندازە و ئەندازیارانەوە...هەر بۆیە هەموو ئەندازیارێك ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەیە**)) جێگەیان گیرایەوە. تائێستا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕێکە بەتەنها بەندە وەك سەرنوسەر هەموو ئیشوکارەکان ڕادەپەڕێنم بەهاوکاری دیزاینەرێك بۆ نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە.

- ئەو نەخشەسازە بەڕێزانەی لای خوارەوە هاوکاریان کردووم لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا بریتین لەهەریەکە لە:

١. ژمارە ١ تا ٢

عمر فارس:: نەخشەسازی

جلیل حسین: جیاکردنەوەی ڕەنگەکان

چاپ: سەنتەری چاپ و پەخشی نما

بەرگ: ئۆفسێتی شڤان

٢. لە ژمارە ٣–٤

ئالان علی اسماعیل: نەخشەسازی

ئەندازیاری تەلارسازی احمد عمر علی: نەخشەی بەرگ

جلیل حسین + سامان محمد صاڵح: جیاکردنەوەی ڕەنگەکان

چاپ: سەنتەری چاپ و پەخشی نما +ئۆفسێتی شڤان

٣. لە ژمارە ٥– ٦

ئالان علی اسماعیل: نەخشەسازی

چاپخانە: شڤان

٤. ژمارە ٧

ئالان علی اسماعیل: نەخشەسازی

چاپخانە: ڕوون

٥. لە ژمارە ٨- ١٥

ئالان علی اسماعیل: نەخشەسازی

چاپخانە: شڤان

٦. لە ژمارە ١٦ – ٢٨

زەردەشت علی سۆرانی: نەخشەسازی

چاپخانە: شڤان

٧. لە ژمارە ٢٩ تاکو ئێستا

ڕێبین حەمە غریب:: نەخشەسازی

چاپخانە: ژمارە ٢٩-٣٣ چاپخانەی سەردەم

لە ژمارە ٣٤-٧١ چاپخانەی پیرەمێرد

لە ژمارە ٧٢ تاکو ئێستا چاپخانەی زانا

- **ئامارێکی گۆشەکانی گۆڤاری ئەندازیاران:**

لەسەرجەم ژمارەکاندا چەند بابەتێکی ئەندازەیی و دواتر گۆشەکانی:

- چاوپێکەوتن :٧٠ چاوپێکەوتن سازدراوە
- ڕیپۆرتاژ : ٦١ ڕیپۆرتاژ سازدراوە
- بەسەرکردنەوە : ٤٤ بەسەرکردنەوەی پڕۆژەکان سازدراوە
- زاخاوی مێشك: لە ژمارە٣٢ وە زیادکراوە و ٤٥ گۆشە بوە

- لەزانکۆکانەوە و توێژینەوەی زانستی:لە ١٤ ژمارەدا دابەزیوە
- ئەندازیارانی کۆچکردوو : ١٩ گۆشە بوە
- ئەندازیارانی بەناوبانگی جیهانی : ١٢ گۆشە بوە
- دەفتەری سەروەری بۆ ئەندازیارانی شەهید : ١٦ گۆشە بوە
- پلەبەرزکردنەوە: لەهەموو ژمارەکاندا بە بەردەوامی هەبوە
- بەشێوەیەکی هەمیشەیش هەواڵ و چالاکیەکانی سەرجەم کۆمیتەی باڵا و لق و نوێنەرایەتیەکانمان بلأوکردۆتەوە.
- سەروتار: لە ژمارەکانی ((١ و ٢ و ٣))دا لەلایەن سەرنوسەر ((طيب جبار امين))وە نوسراون و لە ژمارە ((٤))وە لەلایەن نەوزادی موهەندیسەوە دەنوسرێت و تائێستا ٨٤ سەروتار نوسراون.
- بنەوتار: ٤٣بنەوتار نوسراون ،٢ بنەوتار لەلایەن سەرنوسەر ((طيب جبار امين )) و ١ بنەوتار لەلایەن ئەندازیار((محمد ڕەشید نوری)) و١بنەوتاریش لەلایەن ئەندازیار بڕوا محمد دلێر عمر وە نوسراوە و٣٩بنەوتارەکەی تر لەلایەن سەرنوسەر ((نەوزادی موهەندیس)) وە نوسراون.
- ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە کەمترینیان٤٠لاپەڕە و زۆرترینیشیان گەیشتۆتە ١٥٥لاپەڕە.بەپێی بوونی بابەتەکان. چونکە ئاشکرایە هەموو بلأوکراوەیەك چ گۆڤار یان ڕۆژنامە بێت بەردەوامبوون و گەشەکردنی دەوەستێتە سەر :

١. **لایەنی مادی و دابینکردنی خەرجیەکانی**:خۆشبەختانە گۆڤارەکە لەم ڕووەوە هیچ کات پەکی نەکەوتوە چونکە کۆمیتەی بالاّ هەمیشە دەستکراوەبوون لەو بابەتەدا.کە جێگەی ڕێز و پێزانینە.

٢. **بابەتی نوسین**:چونکە گەر بابەتی بەپێز و باش لەبەردەستدا نەبوو ناتوانرێت درێژە بەکار و تەمەنی هیچ بلاّوکراوەیەك بدرێت.

٣. **سەرنوسەر و دەستەیەکی نوسەری کارا**:خۆ ئەگەر سەرنوسەرێکی مشورخۆر و حەزبەکارەکە نەبێت و لە پاڵیشیدا دەستەیەکی نوسەرانی کاراش نەبن ناتوانرێت هیچ بلاّوکراوەیەك درێژە و بەردەوامی پێبدرێت.

٤. **خوێنەر**:لەم ڕووەوە گۆڤارەکەمان چونکە تایبەت بوو بە ئەندازە و ئەندازیارانەوە خوێنەرێکی کەم و تایبەتی هەبوە، هەربۆیەش گۆڤارەکە بە شێوەی بێ بەرامبەر بلاّوکراوەتەوە و دابەشکراوەتە سەر لق و نوێنەرایەتیەکانی یەکێتی ئەندازیاران بۆ ئەوەی بگاتە دەست زۆرترین ژمارەی ئەندازیاران و دواتریش کتێبخانەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دواتریش دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە زۆرترین ژمارەی ئەندازیارانیان تیادایە.

- گۆڤارەکەمان سەرەتا تەنها بەرگەکەی ڕەنگا و ڕەنگ بوو و ناوەڕۆکەکەی ڕەش و سپی چاپدەکرا و دواتر و هێواش هێواش دەستمانکرد بە چاپکردنی هەندێك لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ و تا ژمارە ٣٢ بەتەواوەتی بەرگ و ناوەڕۆکەکەیمان کردە ڕەنگاو ڕەنگ.
- گۆڤارەکە سەرەتا بە ژمارەی ٢٥٠دانە چاپدەکرا و دواتر کرایە ٣٠٠ دانە و بۆ ماوەیەکی زۆریش کرایە ٥٠٠ دانە و لە ئێستاشدا

بەهۆی قەیرانی داراییەوە کرایەوە ٢٥٠ و دواتر ٣٠٠ دانە و بە ڕێکوپێکی و لەوەرزی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچێت. لە درێژەی ئەو ٢٠ ساڵەدا تەنها یەك جار و هەردوو ژمارەکانی ٢١ و٢٢مان بەیەکەوە دەرکردوە.

- لەهەموو ژمارەکاندا سەروتارمان هەبوە و لەلایەن سەرنوسەرەوە نوسراوە و لە زۆربەی ژمارەکانیشدا بنەوتاریشمان هەبوە هەر لەلایەن سەرنوسەرەوە نوسراوە بەڵام لەژێر ناوی گۆڤاری ئەندازیاران و دواتریش تەنها بە پیتی (( ن.م )) وەك ئاماژەیەك بۆ ((ئەندازیار نوزاد عوسمان عبدالرحمن( نەوزادی موهەندیس)))نوسراون.
- لە ژماری ٢٧ ی گۆڤارەکەوە دروشمی ((**بەردەوام دەبین لە پێناو گەیشتن بە ئاینده**))مان لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نەخشاندوە لە ژمارە ٣٠ ی گۆڤارەکەوە وشەی ((المهندسون))ی عەرەبیمان زیادکردوە لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە.
- گەلێك بابەت و توێژینەوەمان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوکردۆتەوە و زۆر بابەتیشمان لە پێگەکانی ئەنتەرنێتەوە وەرگرتوە و بڵاومان کردونەتەوە.
- یەکێکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی گۆڤارەکەمان نەبوونی بابەتی بەپێزو و زۆرو نەبوونی کۆمەڵە ئەندازیارێك بوو کە حەز و خولیای نوسین و لێکۆڵینەوەی ئەندازەیی و زانستیان هەبێت.هەر بۆیە گۆڤارەکەمان چ لەڕووی سیما و چ لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە نەمانتوانیوە بیگەیەنینە ئاستێك کە لەجێگەی خواست و ئاواتەکانی

خۆشماندا بێت. و تێبینی دەکرێت کە لە زۆربەی ژمارەکاندا چەند ئەندازیارێکی بەڕێز بەبەردەوامی بابەتیان هەبوە کە جێگەی ڕێز و پێزانینە وەك بەڕێزان ((ئەندازیار تاهیر عبدالله قادر و جەلال حەمە امین و مەریوان قەفتان و بورهان محمد شریف )) و هەندێك ئەندازیاری بەڕێزی تریش لە چەند ژمارەیەکدا بابەتیان بۆ ناردووین.بەلأم دەرچوون و بەردەوامبوونی گۆڤارەکە لەکاتی خۆیدا و هەر ٣ مانگ جارێك و بۆ ماوەی ٢٠ساڵی تەواو کارێکی سەرکەوتوانە و دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ تاکە دەنگ و ڕەنگەکەی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و ئەندازیاران خۆشیان، بەتایبەتیش کە بەتەنها سەرنوسەر و دیزاینەرێك هەموو کارەکان ڕاپەڕێنراون،چونکە لەم سەردەمی کۆرۆنا و قەیرانی داراییەدا کە ماوەی زیاتر لە ٧ ساڵە بەرۆکی هەرێمەکەمانی گرتوە زۆرێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەناو ئازاد و سەربەخۆکان ڕاوەستاون و نەماون وتەنانەت بلأوکراوە حیزبیەکانیش کەم و بچوکبونەتەوە.

- بۆیە لێرەدا جێگەی ئاماژەپێدانە کە دەستخۆشی لە یەکێتی ئەندازیاران و کۆمیتەی بالأ بکەین کە هەمیشە هاوکار و پشتیوان بونە بۆ گۆڤارەکە و هیچ کات درێخیان نەکردوە لە ڕووی دابینکردنی خەرجیەکانیەوە.
- بەهیوای ئەوەی کە بتوانرێت دەوڵەمەندتر و بەپێزتر و گەشەسەندووتر بکرێت لەسەر دەستی کەسانی تردا و درێژە بەتەمەن و دەرچوونی بدرێت لە ئایندەشدا.

---

## کورتەیەك دەربارەی
## پێگەی ئەلکترۆنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## www.keu٩٢.org

